

بزووتنەوەی جووتیاران

لە نێوان بەرداشی دەسەڵاتداران و دەرەبەگەکاندا

شەپۆل فەتحی کەریم

بزووتنەوەی جووتیاران
لە نێوان بەرداشی دەسەڵاتداران و دەرەبەگەکاندا

شەپۆل فەتحی کەریم

- نووسەر: شەپۆل فەتحی کەریم
- بابەت: بیرەوەری
- پیت چنین: نووسەر
- دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك: هێرش مەغدید باشە
- پێداچونەوەو سەرپەرشتی چاپ: سەلام عومەر
- چاپخانەی: ئازادی
- نرخ: ٣٠٠٠
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپی یەکەم

منیش لەوێ بووم

قۆنـاغی دوای راپـەڕینی باشوری کوردسـتـان پـڕ بـوو لـە بێسـەر و بەریـەك ئەوسـەری دیـار نـەبێ، ئـەوکات بـەرەی کوردسـتـانی بالآدەسـت بـوو، تـەواوی کێشـەی گـومرگ و داگیر کرنـی زەوی بارەگاکـانی رژێـم و شـیش دەرهێنـان و گرفتـی خێزانـی و زیادەڕۆییـەکان دەهاتنـە نێـو ئـەو خێوەتـەی بـەرەی کوردستانی کە لە قـەلآدزێ هەڵدرابوو، منـیش ئـەوکات لـەم بەرەیـە نوێنـەری حزبی شیوعی عێراق بووم ، گەورەترین گرفتی ئـەوکاتی ئێمـە کێشـەی زەوی وزار بوو، بەتایبەت لەنێوان ئاغاو جوتیاران، تەواوی کێشەکانیش رووبـەرووی من دەبوونەوە، هەندێ لە ئاغاکان وەك پیشەی هەمیشەییان پاڵیـان بـە یـەك لە حزبەکان دابوو، ئاخربەشێکیان پێشتر بەعسی بوون و کەبەعسیش نـەما ناچار بۆ پاراستنی خۆیـان و پیاوەکانیـان و ئـەو زەویانـەی داگیریـان کردبوو سودیان لـە لێبووردنـە گشتیەکەی بـەرەی کوردستـانی وەرگـرت وچوونە نـاو حزبەکانەوەو نامەی سەرکردەی ئەو حزبانـەیان دەهێنـا و دەیانویست راستـی گرفتـەکان بـە ئاقارێکی دیـدا ببـەن، هەڵبەتـە حزبـی شـیوعیش وریـاتر بـوو لــەوان و هــەموو ســەری مانگێــك نوێنــەرانی حزبــی بــەرەی کوردســتانی ناوچــەکانی ســلێمانی کۆبوونــەوەیان لــە قەلاچــوالان پێــدەکراو رێنمــایی تایبەتمان وەردەگرت و جەخت لەسـەر پاڵپشتی کردنـی جوتیـاران دەکرایـەوە بــەو ئامانجــەی چــیدی لــەژێر زەبــری دەرەبەگــەکان نەچەوســێندرێنەوەو بگەنەوە بەو زەویانەی کە لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان جێمـاوە، ئـەو کێشـانە تا دەهات کەڵەکە دەبوون تا جوتیاران ناچار بوون بزووتنەوەیـەکی چەکداری

رابگەیەنن و بەرهەنگاری سەرکێشیەکانی ئاغاکان ببنەوە، لەو سەروبەندەدا تەواوی جوتیارانی دەفەری پشدەر حزبی شیوعی عێراقیان بە پشت و پەنای خۆیان داناو سەردانی ناوچەی قەلادزێی حزبیان دەکردوو من لە چەندین کۆبوونەوەی ئەوکات بەشدار بووم، بەتایبەت ئەو کۆبوونەوانەی لە میحوەری رانیە دەکران و هەروا بەدەستی خۆشم چەندین زەویم بە واژۆ و مۆری بەرەی کوردستانی بۆ جوتیاران گەڕاندەوە و لەهەندێ شوێن بەتایبەت لە گوندی دێرێ ئەو زەویەی ئاغای وێ دەیویست خانووی لەسەر درووست بکات لێمان تێك دایەوەو دامانەوە جوتیاران، بەلام سەرکێشی ئاغاکان هەر بەوەوە نەوەستاو جوتیارانیان ناچاری هێرش بردن کرد، بەجۆرێك تەواوی پشدەریان لە ئاغاکان پاکردەوەو دواتر بەهاوکاری حزبە بالا دەستەکان دەستی ئاغاکانیان گرت و هێنایانەوە نێو شارەکان و بە ئاشکراش سەرکردەی ئەو بزووتنەوەیان شەهید کرد، هەروەك لەنێو وردەکاری ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێ و دەیان بەلگەنامەی لەخۆی گرتووە.

سەلام عومەر

بزووتنەوەی جووتیاران
لە نێوان بەرداشی دەسەڵاتداران و
دەرەبەگەکاندا

لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەوکاتە کوردستان نەلکێنرابوو پێیەوە، عێراق بریتی بوو لەدوو ویلایەتی بەسرا و بەغدا، لە فاوەوە تا جەلەولا لە عێراق و کوردستانیش یەك سیستەمی نیمچە دەرەبەگایەتی هەبوو، بەشی زۆری زەوییەکانی بۆ کشتوکاڵ گونجاو بوون لە ژێر دەستی دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان بوون، بەپێی سیستەمی (شکارتە) دەیاندا بە جووتیاران تا رەنێوی بێنن، دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان بەکردەوە هیچ بەشدارییەکیان لە بەرهەمهێنانی زەوییەکانیاندا نەدەکرد، زۆربەی کاتەکانیان لەشارەکان بەسەر دەبرد، کە لەڕاستیدا لەبنچینەدا خەڵکی شارەکان بوون فەرمانبەری گەورە و پاشماوەی مووچەخۆرانی دەوڵەتی عوسمانی بوون. (سەرکارەکان) کاری دەرەبەگەکانیان بەڕێوەدەبرد، لەسەر حیسابی ماڵوێرانی و کوێرەوەری جووتیاران بەڕێوە دەبران.

زۆرجاریش ململانێ لەنێوان جووتیارەکان و سەرکارەکان کە ڕاستەوخۆ جێگری دەرەبەگەکان بوون ڕووی دەدا، سەرباری ئەو کرێیەی لە ئاغاکانیان

وەردەگرت دەستدرێژیشیان دەکردە سەر جووتیاران، دەیانویست وەك ئاغاکانیان دەسەڵاتیان بەسەر جووتیاراندا بسەپێنن، لەو سەردەمە بەرهەمی کشتوکاڵی تاڕادەیەك زۆر کەم بوو، چەند جۆرێکی دیاریکراوی گەنم و جۆ و نۆك لەگەڵ هەندێ بەروبوومی خۆراکی دیکە بۆ بازاڕی ناوخۆ ڕەنێو دەهێنران، لەو سەردەم و قۆناغەشدا ململانێی توندی چینایەتی لەنێوان جووتیاران و دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان روویدەدا و لەپەرەسەندن دابوو، لەگەڵێك ناوچەی کوردستان ڕاپەڕینی بەرفراوانی جووتیاران دژ بە ستەمی چینایەتی دژی دەرەبەگ و دامودەزگە حکومییەکانی پشتگیریان لە ستەمەکانیان دەکردن.

لەو ڕاپەڕینانە ڕاپەڕینی هۆرین و شێخان و وارماوە و عەربەت و پشدەر و کۆیە و هەڵەبجە و دزەیی و ناوچەکانی دیکە روویاندا.

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز یاسای چاکردنەوەی زەوی و زار ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو، بەپێی ئەم یاسایە لایەنی زۆری موڵکایەتی دیاریکرا، لە زەوی و زاری دێمەکار، لانی زۆر بە ٢٠٠٠ دۆنم، زەوی بەراویش ١٠٠٠ دۆنم، ئەوەی زیاد دەبێت لەو ڕادەیە بەم ڕێژەیە دابەش دەکرێت بەسەر جووتیاراندا، ١٢٠ دۆنم دێمەکار، ٣٠ تا ٦٠ لە زەوی بەراو، سەرەڕای دەرچوونی ئەم یاسایە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان و موڵکدارە گەورەکان، بەڵام بنچینەیەکی بۆ پەیوەندی نیمچە دەرەبەگایەتی هێشتەوە، واتە چەوسانەوەی جووتیاران لەلایەن دەرەبەگەکانەوە درێژەی هەبوو، زەوی و زاری دەرەبەگەکان بەشێوەی (شکارتە) لەلایەن جووتیارانی

هەژارەوە کە زەوی و زاریان نییە و بنەمای موڵکایەتی جووتیارانیان فراوان بـــوو، هەرچەنـــدە ئەو لایەنـــی کەمە لە زەوی و زاری دێمەکـــار بەشـــی دروستکردنی مەزرایەکی بۆ خێزانێکی جووتیار نەدەکرد، بەڵام لانی کەمی زەوی بەراو بەشی دروستکردنی مەزراکەی بۆ خێزانێکی جووتیار دەکرد بەمەرجێك چوار وەرزی ساڵ زەویەکەی بە بەروبوومی جیاواز بەپێی وەرزەکان رەنێو هێنابایە، سەرەڕای ئەم یاسایە کە تاڕادەیەك خراب نەبوو وەکو پێویست جێبەجێ نەدەکرا، جووتیاران ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشە دەبوونەوە، ململانێی چینایەتی لەنێوان جووتیار و دەرەبەگەکان بەردەوام بوو، لەساڵی ۱۹۷۰ش بەمەبەستی فراوانکردنی بنەمای موڵکایەتی زەوی و زاری بچووك و کەمکردنەوەی لانی زۆری موڵکایەتی ژمارە ۱۷ دەرچوو.

لە هەموو قۆناغەکانی سەردەمی پاشایەتی دواتریش گرفتەکان دوور لە یاسا بەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەیی و شەرع و سوڵحی عەشایەری بۆ بەرژەوەندی دەرەبەگەکان یەکلا دەکرایەوە، دەڤەری (پشدەر) یان بەپاڵپشتی باشچاوەش و پیاوانی حکومەت لەژێر فەرمانی دیوەخان و دەسەڵاتی زاڵمانەی دەرەبەگەکان بەڕێوە دەبران، لەساڵی ۱۹٥٦ حکوومەتی (نووری سەعید) کە لە حزبی دەستوری بوو، (عومەر عەلی) کردە بەرپرسی لیوای سلێمانی کە ڕقی زۆری لەشیوعییەکان بوو، بە بەرنامە دەیویست پاکتاوی شیوعییەکان بکات، لەو سەردەمەدا حزبە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان لە پەرەسەندندا بوون بەتایبەتی (حزبی شیوعی عێراق) ڕۆژبەڕۆژ پێگەی جەماوەری فراوانتر دەبوو، جەماوەرێکی زۆری لە دەور کۆببووەوە، حزبی

شیوعی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە هۆشیار کردنەوەی جووتیاران و تەواوی چین و توێژەکان لە هەموو ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، هانی دەدان بۆ بەشداری کردن لە کۆڕی تێکۆشاندا بۆ داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانیان، شیوعییەکان بە پێی میتۆدی فیکری و بەرنامە سیاسییەکەیان و بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا داکۆکیان لە مافی ڕەوای جووتیاران دەکرد، لە بەرامبەردا دەرەبەگەکان هەڕەشەیان لە شیوعییەکان دەکرد، جووتیاران دەیانگوت زەوی هیی خۆمانە و بۆ خۆشمان ڕەنێوی دێنین، دەبێت دەست لە زوڵم و ستەمەکانتان هەڵگرن و گوندەکان جێبێڵن.

پاش دەرچوونی یاسای کوژانەوەی (زەوی و زار) جووتیاران تێکڕا پشتیوانیان لەو یاسایە کرد، دەرەبەگەکان هەڕەشەیان لە جووتیاران دەکرد تا پاشگەز ببنەوە، بەڵام یەکگرتوویی و یەکڕیزی جووتیاران لە پشتیوانی ئەم یاسایە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و لە بەرامبەر هەڕەشەکاندا یاساکە چەسپا و جێبەجێ کرا، لەو سەردەمەدا دەسکەوتێکی گەورەی چینایەتی و نیشتمانی و هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ جووتیاران و تەواوی کۆمەڵگا.

سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق و کوردستان ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی زەمینەیەکی لەبار خوڵقا بۆ جووتیاران و تەواوی کۆمەڵگا تا بێنە ناو کۆڕی تێکۆشان، جووتیاران بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد:

جووتیار مولکی خۆیەتی
ئاغا باوکە ڕۆیەتی

ئەم هاوارەی جووتیاران بۆمبێك بوو بەڕووی دەرەبەگەکاندا تەقیەوە، لە ترسی پەلاماردانیان دەرەبەگەکان بیریان لە هەڵاتن کردەوە بۆ ئێران، ناوەندێکی (کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران)ی حزبی شیوعی عێراق بە سەرپەرشتی (مەحموودی حاجی حەمەڕەش) باوکی هەردوو سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی جووتیاران (حەمەڕەش و مامۆستا ئەمین) لە دەڤەری پشدەر بەمەبەستی داکۆکی کردن لە جووتیاران دژی هەڕەشەی دەرەبەگەکان دامەزرا.

ئەم کۆمەڵەیە هەرچی جووتیاری چەکدار و بێ چەکی دەڤەرەکەی ڕێکخست، ئامانجیان داکۆکی کردن بوو لە تەواوی جووتیاران لە هەر شوێنێك دەرەبەگەکان دەستدرێژی یان هەڕەشەیان بۆ سەر جووتیاران ئەم کۆمەڵەیە داکۆکی لێ دەکردن، چەند جارێك لە سنوورەکان دەرەبەگەکان پەلاماری جووتیارانیاندا، شەڕی خوێناوی دروست بوو، لە هەر دەرفەتێکدا دەستدرێژیان دەکردە سەر جووتیارانی گوندەکان، کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران بەهەموو توانایەوە بەرگریان لە جووتیاران دەکرد، لە سنووری ئێران لە نزیك هەڵشۆ و دارەشمانە بۆ ماوەی سێ رۆژ شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا کە دەرەبەگەکان پەلاماریان دابوون لەم تێکەڵچوونەدا دوو جووتیار شەهید بوون، دەرەبەگەکان بەرەو ئێران هەڵاتن.

پاش ڕووخانی ڕژێمی شاهنشایی و هاتنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دەسەڵات، لەترسی بەهێز بوونی حزبی شیوعی، ئێران و دەرەبەگەکان چاوپێکەوتنی بەردەوامیان هەبوو بە ڕژێمی ئێرانیان گوت بوو ئەگەر یارمەتیمان نەدەن بۆ لێدانی شیوعییەکان پزیسکی ڕاپەڕین بۆ ئێرانیش دەگوێزرێتەوە، بەم هۆیەوە کۆماری ئیسلامی ئێران دەرەبەگەکانی پڕچەك کرد و تەقەمەنی و یارمەتی زۆری دانێ، بە بەردەوامی ئاغاکان پەلاماری گوندەکانیان دەدا و هەڕەشەیان لێدەکردن، درێغیان لە شەوکوت و هەتك کردن و کوشتن و کاری دزێو و قێزەون تاد....نەکرد، جووتیاران هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و نائارامی دۆخی ژیانیان بە سەختی دەگوزەراند.

ئەو یاسایانە ی لە سەردەمە جیاجیاکان لە ژێر فشار دەرچوون، هیچیان چارەسەری ڕیژەیی کێشە بنەڕەتییەکانی زەوی و زار و کێشە چینایەتییەکانی نەکرد، کۆتایی بە ستەمی چینایەتی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان نەهێنا. نەبوونە هۆی چارەسەری کێشەی زەوییە داگیرکراوەکان، گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە ئاستی چەندایەتی و چلۆنایەتی بەهێزبوونی کەرتی کشتوکاڵ و ژێرخانی ئابوری کوردستان وەك خۆی مایەوە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە شێوە دواکەوتووانەکەی هۆکاری بەردەوامی ستەمە چینایەتییوکان بوو، لە ساڵی١٩٧٧ یاسای ژمارە (٩٠) دەرچوو لانی کەمی زەوی و زاری بۆ دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان، بەراو بە (٣٠٠) دۆنم و لانی کەمیش (٣٠) دۆنم دانا، دێمەکاریش دوو ئەوەندەی ئەم

ژمارانەی سەرەوە، پاشان یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ١٩٨٣ و یاسای (٣٦٤)ی ساڵی ١٩٩٠ دەرچوون.

سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی (بە بەعسی کردن و ڕاگواستن و بە عەرەب کردن) ستراتیژی بەعسیەکان بوو دژی گەلی کورد و خاکەکەی بەپێی نەخشە و پلانێکی ورد و بەرنامە بۆدارێژراو دوای نسکۆی ١٩٧٥ بەعسییەکان پەیڕەویان دەکرد، لە کۆتایی حەفتاکان بەپێی ستراتیژێکی زاڵمانە لە ڕاگواستی گوندە سنورییەکانەوە دەستی پێکرد، دواتر سوتاندن و تەقاندنەوەیان و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ ئوردوگا زۆرەملێکانی (پێماڵك وتووە سوران و بەستەستێن) لە پشدەر، سنورەکان و ناوچەکەی تا نزیك شاری (قەڵادزێ)ی کردە ناوچەی قەدەغەکراو هەر جموجۆڵێك لەو ناوچانە بینرابا بۆمباران دەکرا، بەو هۆیەوە دەیان هاووڵاتی بە دەستڕێژ و بۆمبارانی ئەم ناوچانە شەهید کران.

بە چوارهۆکاری سە رەکی ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدان:

١- زەمینەسازی بەرەو داگیرکردنی خاکی کوردستان.

٢- دابڕینی خەڵکی ناوچەکە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٣- دابڕینی پێشمەرگە لە پێگەکانی ڕێکخستنی حزبەکانیان.

٤- ئابڵوقەدانی شۆڕش و شۆڕشگێران.

هەر لە سەرەتاوە پیلانە ژەهراویەکەی کەوتە قەیرانێکی قوڵ بەهۆی:

برەودانی هێزی پێشمەرگە بە چالاکی گورچکبڕ لە هەموو ناوچەکان لە ناو شار و شارۆچکە و تەنانەت شارە گەورەکاندا، پەیوەندی ڕێژەیەکی زۆری جووتیاران بە هێزی پێشمەرگە و پەرەپێدانی قوتابیان و ئافرەتان و کاسبکاران و تەواوی چین و توێژەکان بە چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری لە شارە گەورە و بچووکەکاندا دژی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسی درندە، جیا لە جموجۆڵی هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و ئاهەنگی جەماوەری و ناڕەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندان و دەیان شێوازی ناڕەزایەتی تر. هاتنە ناوەوەی ڕێژەیەکی زۆری ژنان یەکێك لە سیما جوانەکانی قۆناغی هە شتاکان بوو، گڕی بەردایە جوڵانەوە جەماوەرییەکان و تێکۆشانی خستە قۆناغێکی نوێی پڕ ئومێد، گۆمی مەنگی بێدەنگی شڵەقاند و تێکۆشانی جەماوەری بردە ئاستێکی باڵا و پێشکەوتوو.

ژنەکان هۆشیار و بە ئاگابوون، باش دەیانزانی بەبێ بەشداری کاریگەرانەی ئەوان ستەم و زۆرداری کۆتایی نایەت، زۆربەی ئەرکە قورسەکانی ناوخۆ لە ئەستۆی ئەوان و جووتیارانی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و جووتیاری گوندە نزیکەکانی شارۆچکەکان بوون کە ڕانەگوێزرابوون، وێستگەیەکی گرنگی پەیوەندی خەڵك و (شۆڕش)بوون، ڕۆڵی کارایان لە درێژەپێدان و بەردەوامی پێدانی هەبوو.

قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی پشدەر بە تەواوەتی لە بەرنامەی بەعسدا، بۆ کۆنترۆڵی ئەم ناوچانە لە هێزی پێیشمەرگە، لەگەڵ پاراستنی لە داهاتوودا لە دەستدرێژییەکانی ئێران کە شەڕێکی هەشت ساڵە لە نێوانیان

ڕوویـــدا بـــوو، هەواڵێـــك هەبـــوو پـــاش ڕاگواســـتنی قەڵادزێ و شـــار و شارۆچکەکانی، لە دەربەند سەدێکی گەورە دروست دەکات تەواوی دەڤەری پشدەر دەکەوێتە ژێر ئاوەوە و بە ئاسانی ئەو دەڤەرە بەهێزێکی کەمی خۆی کۆنترۆڵ دەکات.

ئێمە دەستەیەکی پارتیزانی پێشمەرگەی حزبی شیوعی ١٩٨٩\٤\٤ لـە دۆخێکی سەخت کە چوونە ناو شاری (قـە ڵادزێ) و شارۆچکەکانی دی ئاسان نەبوو سەرەڕای هێزی زەوەندی زۆری جاش و جەیش لە سنورەکان و لە دەڤەری پشدەر و بوونی (مین)ێکی زۆر لە زەوییەکانی سنوری مۆڵگە و سەنگەرەکانیان و ڕێگا سەرەکی و لابەلاکان، دووجار لـە کەمینـی جاش و جەیش خۆمـان پاراست، کاتێك هەورەکان بەری مانگیـان دەگرت، دەبـوو بـە شەوەزەنگ تەنێ چرا و ئاگری مۆڵگـە و جاش و سـەربازەکانمان دەبینـی، لەگەڵ ورتە و خشپەی پێی جاشـەکان کـە کەمینیـان دادەنـا، زۆر جاران لـە نەدیویـــان خلـــۆر دەبـــووینەوە نـــاو کەنـــد و چـــاڵی گەورە بـــە زەحـــمەت سـەردەکەوتینەوە، زەحـمەت یەکتریمـان دەدۆزیـیەوە، بەڵام یەکتریمـان بەجـێ نەدەهێشت، زەوی و گیاکان تەڕ بوون، لولەی تفەنگەکەم پڕ ببـوو لـە قوڕ، ترسم هەبوو تەقەی پێبکەم لولەکەی بتەقێت، داوام لە هاوڕێان کرد وچانێکم بدەنێ خاوێنی بکەمەوە و ئەوانیش پشوویەك بدەن، ڕازی بوون و بە جوانی بەو شەوە لولەکەم خاوێن کردەوە. دەستمان کـردەوە بـە ڕۆیشتن، تـا قەڵادزێ ڕانەوەستاین، دەمەوبەیانی بوو تاریك و ڕوون هەریەك بە لای کاری خۆیەوە

ڕۆیی، من ئەرکی ڕێکخستنم لە ئەستۆ بوو، هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە کاتی گەڕانەوەمان بۆ شاخ دادەنا.

لە ناو قەڵادزێ پەیوەندی و چاوپێکەوتنەکانم ڕێکخست لەگەڵ هاوڕێیان، برادەرە نزیکەکانم (کۆمەڵە و سۆسیالیست و پارتی و خزمەکانم)، شەوانە چاوپێکەوتن و دیدارمان ساز دەدا، زۆری چاوپێکەوتنەکان (مەریوان)ی برام سازی دەدان لەگەڵ ڕێکخستەکان کە بە یەکەوە کاری حزبیان دەکرد. هەر لەو کاتەدا پسوولەیان دابەش دەکرد هیی ڕاگواستنی قەلادزێ، زۆر هەوڵماندا خەڵك ڕاپەڕێت و کیمیابارانی هەڵەبجە خەڵکەکەی ترساندبوو، زۆربەی ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردن ئەو کاتەیان پێ باش نەبوو. زیاتر لە (٢٠) ڕۆژ ماینەوە ئەرك و کارەکانی خۆمان بە باشی جێبەجێ کرد.

لە گەڕانەوەماندا تووشی چەند کەمینێکی جاشەکان بووین، بە سەلامەتی لێیان دەربازبووین، گەیشتینەوە دۆڵە کۆگە بارەگای سەرەکی قاتعی سلێمانی و کەرکووك و ڕاگەیاندنی حزبی لێبوو، لەگەڵ لقی پشدەر، خاڵێکی گومرگی حزب لە (گۆمە ئیشك) کە بەرزاییەك بوو لە نێوان (سادر و چەکوچ) و لوتکەی (کۆزی بەنەکێ) لە زنجیرە چیای قەندیل. بنکەیەکی تەندروستی گەورە لە (دۆڵە کۆگە) بۆ چارەسەری زۆربەی نەخۆشی و بریندارەکانی لێدە کرا، چەند دکتۆرێکی هاوڕێیانی (عەرەب) بە دڵسۆزییەوە بۆ حزبەکان و خەڵکی گوندە نزیك و دوورەکان شەووڕۆژ لە کاردا بوون، لای لقی پشدەریش بنکەیەکی بچوکتری لێبوو، من بەڕێوەم دەبرد، لەپاڵ ئەرکی پێشمەرگایەتیشم، هاوینان لەو دۆڵە قوڵ و لاچەپانە

نەدەماین، لقەکەمان و قاتعی سلێمانی و کەرکووك دەچووینە (گوێژێ)، پێشتریش لقی پشدەر لە (ڕەزگە) بوو بەرامبەر سورەگڵە کە چەند کیلۆمەترێك لەگەڵ سەربازگەیەکی گەورەی ڕژێم بەرامبەر یەك بووین، پاش هەڵمەتی فراوانی جەیش و جاش لە هاوینی ١٩٨٨ بۆ بناری قەندیل بارەگای هەموو حزبەکان گیران، بارەگای ئێمە نەبێت کە چەند کیلۆمەترێك نزیك بارەگا کۆنەکەی سەر ڕووبارەکە گواستبوومانەوە گۆڕایی (قوڵی شناوێ) کە خوار چیای (گادەر) بوو، زۆر نەدیو بوو، برادەرانی (پارتی) بۆ لامان هاتن، لە قوڵی شناوێ هێزێکیان لە لایە ن سوپا و جاش دەوریان گیرا بوو، ئێمەش بەناو تۆپبارانـدا چووین بۆ هاوکاریان تا نزیکیان گەیشتین، خەبەریان داینـێ ڕزگاریان بووە، بە ناو دارە لق و پۆپ شکاوەکانی سەر ڕووبارەکە وردە وردە گەڕاینەوە بارەگا، حزبەکان ناوچەکەیان جێهێشت و بارەگاکانیان سوتا، ئێمە لە ناوچەکە ماینەوە، شەوان لە سەر چیای بڵندی گادەر پاسەوانیمان لە بارەگاکەمان دەکرد، شەوێك هاوڕێ (عەلی سەیدە و پێشمەرگەکانی) وەك هێزی پشتیوانی گەیشتنە لامان، ئێمە هەر لەوێ ماینەوە، شەوێك هەستمان کرد خشپەی پێ دێت، کەمینێکی تۆکمەمان دانا کە نزیك بوونەوە دەنگماندان، گوتیان هاوڕێیانی پارتین کە لە یەکتر نزیك بووینەوە گوتمان بەو شەوە چیدەکەن لێرە؟ ئەوان گوتیان لە ئاڵوەتان بیستمان بارەگاتان بە جێهێشتووە نەمانزانی لێرەن، گوتمان ئەی بۆچی هاتوون بەو شەوە؟ لە وەڵامدا گوتیان برنج و ئارد و ڕۆنمان لێبڕاوە، ئێمەش ئەوەی پێویست بوو دامانێ و ڕۆیشتن، ئێمە هەر لەوێ ماینەوە،

سەر لەبەیانی زوو بە هێستر بارەگاکەمان هەمووی گواستەوە بە سەر پردی (بەردە بناوێ) بەردەوام تۆپباران دەکرا، دواشمەکی بارەگاکەمان گواستەوە. شمەکەکانمان بەوێدا نارد بە یارمەتی پێشمەرگە ئازاکانی قاتعی سلێمانی و گەرمیان کە مام ئەسکەندەر و عومەر حامید بەرپرسیان بوون، دواتر دەستەیەکی هێزە هاوبەشەکە بە بزنەڕێی (خڕێ سپی) بەشی سە رەوەی کەویە بەفری هەر تێدا مابوو بەرەو بەرزاییە سەختەکانی کوێستانەکانی (وارەکە و چەکۆلە) سەرکەوتین، هەواری مەڕدارەکانی دەڤەرەکەی لێبوو، دڵرفێن لە تەمەنمدا دی[illegible]نی خەیاڵاوی ئاوام لە فلیمەکاندا دیبوو، ماندووبوون سیحری جوانییەکەی برد بوو، هەرچەندە من ئاواتم ئەوەیە هەر چۆنێك بێت جارێکی دی بە ئاسایی بیبینمەوە و تائێستا ڕێك نەکەوتووە، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت دوور و سەختە و ئاسان نییە بڕیارێکی ئاوا بدەی، پێشمەرگایەتی پێویستی خۆمان ئاشنای زۆر شوێن و شتی کردین لە ژیانی ئاسایی ئاسان نییە خۆتی لێدەی، تاقیکردنەوەیەکی مەزن، ژیانێکی سەخت لێوان لێو لە مەحاڵ. مەڕێکی (لەڕ)مان لە مەڕدارەکان کڕی وابزانم هاوڕێیانی سلیمانی بە نەشارەزایی کڕی بوویان، هەر چۆنیك بێت لە برسان خواردمان بە لە سە رخۆیی بۆ(گوێزێ) کە بارەگا هاوینییەکانمانی لێبوو گەڕاینەوە.

لە قۆناغی دووەمی ڕاگواستنی پشدەردا (قەڵادزێ)وناحیە و گوندەکانی هەموو وێران کران، لە بەرزاییەکانی (قەندیل) دیمەنێکی سامناك وبڕتراژیدیا بوو، ڕۆژێکی ڕەشی پڕهەنسك و فرمێسکی پشدەرییەکان بوو، تۆڵەی

بەعسییەکان بوو بۆشکاندنی بوێری و ڕۆحی بەرخۆدانی تێکۆشەرانی ئەم دەڤەرە یاخی بووە. هەڕەشەی جدی بوو بۆ (شۆڕش)و شۆڕشگێڕان،دووکەڵ وگرمەی بۆمب و "تی ئێن تی"یەکان دەگەیشتنە کەشکەلانی فەلەك. ئەوێ ڕۆژێ لە تەنیایی نقووم ببووین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەڕوکوێروکاس بوون،دووربەدوور بە (دووربین) تەماشامان دەکرد وهۆن هۆن فرمێسکمان دەباراند، پێشمەرگە بووین و چەکمان لە شان بوو، هەستمان بە لاوازی وبچووکی خۆمان دەکرد، لە ناخماندا دڵی خۆمان دەدایەوە، ئەم قۆناغە سەختەش تێدەپەڕێت، قۆناغەکانی منداڵی ومێردمنداڵی و هەراشیم بیردەکەوتەوە، یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکان، هاوڕێکانی قۆناغە جیاوازەکان وجموجۆڵ وچالاکییە سیاسی و هونەری و وەرزشییەکان هەموویان تیژ بە بەرچاوم تێدەپەڕین.

ئەوێ ڕۆژێ بە ئاسانی هێور نەدەبووینەوە، نوقمی خەمە خەست و کارەساتە خوێناوییەکانی مێژووی شارە شەهیدەکەمان بووینەوە.

پاش ڕاگواستنی پشدەر بە تەواوەتی، سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بارێکی دەروونی و سەربازی زۆر خراپدا ڕۆژەکانی بەڕێ دەکرد، بێسەروبەری وبڕوبیانوو تەسلیم بوونەوە و دەمە بۆڵە سیمای دیاری ئەم قۆناغە بوون، دۆخێکی ناسروشتی و نائارام تەواوی حزبەکانی لە خۆی ئاڵاندبوو،چوونە هەندەران و تەسلیم بوونەوە و چەکدانان دیاردەیەکی ئاسایی بوو، ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی حزبەکان بەهۆی جۆراوجۆر لە بارەگاکانیان مابوونەوە، خۆنەویستانە ئامادەی هەموو گیانفیدااییەك بوون،

هەڵبژاردنی ساتەوەختێکی ئاوا بۆ هێرش کردنە سەر دەڤەرەکە بێ هۆ نەبوو، بە دڵنیایی ڕژێمی فاشی زانیاری تەواوی لەم ڕووەوە هەبووە لە ڕێگەی پیاوەکانییەوە بەتایبەت بێسەروبەری لە هاتن و ڕۆیشتنی خەڵك بێئەندازە بوو، بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەدەکرا،گرتنی (سادرو چەکوچ) مانای کەوتنی دەڤەرەکە هەتانۆکان و ناوزەنگ و قاسمەڕەش و ئاودیوکردنی حزبەکانی (بەرەی کوردستانی)بۆدیوی ئێران.

لە ڕۆژی ١٨ \ ٩\ ١٩٨٩ لەکاتێکدا دەڤەرەکە نوقمی وێرانییە وچۆڵ و هۆڵە، هێزی پێشمەرگە لە پاشەکشەیەکی سەختدایە، ڕژێم زۆردڵنیایە بە ئاسانی دەتوانێت داگیری بکات، هێزێکی زەبەلاح وهەموو جۆرە چەکێکی گەورە و وێرانکەری هێنابوو بۆ پارچەیەکی بەرتەسکی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە لە زۆرشوێن، کیلۆمەترێك لێك دووربووین، وەك شانە زەردەواڵە دەوروبەریان گرتبووین، تەنێ بارەگاکانی حزبی شیوعی و یەکێتیی نیشتمانی لێبوو، لەکاتی ڕوودانی شەڕەکە برادەرانی پارتی وبزووتنەوەی ئیسلامییش هاتن، هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداغی و سەلیمە سوور لە حزبی شیوعی، حەسەن کوێستانی وعەبدوڵا بۆر لە یەکێتیی نیشتمانی، د.حەسەن محەمەد سوورە لە پارتی و نوێنەری بزووتنەوە لە (گۆمە ئیشك)کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، نەخشەی شەڕەکە و هێزەکانیان بەسەر شوێنە ستراتیژییەکاندا دابەشکرد، دوای یەك دوو ڕۆژ هێزەکانی پارتی وبزووتنەوە شوێنەکانیان جێهێشت و لە ناوچەی شەڕەکە نەمان و ڕۆیشتن، شوێنەکانیان بە پێشمەرگەی خۆمان و یەکێتی پڕ کرایەوە.

دووای ڕاپەرین، گەڕاینەوە پشدەرێکی کاول و سامناك زرمەی پۆستاڵی داگیرکەران و بۆگەنیوی میزو ڕۆحیان لە دەڤەرەکە دەهات..

بەرەی کوردستانی داوای لە هاولاتیان کرد شارو چارۆچکەو گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، خەڵکی بەگشتی بەتایبەت خەڵکە نەدارو هەژارەکە بەو پەڕی حەماسەوە گەڕانەوە دارو پەردوو خانووە رووخاوەکانیان، هەریەك کوخێك کەپرێك نوایەکیان دروستکرد لەکاتێکدا هیچ فەرمانگەیەکی خزمەتگوزاری بەتایبەت کارەبا، ئاو، شارەوانی لێ نەبوو دوو ئابلۆقەی ئابوریش لەسەر کوردستان بوو، بەمەمرەمەژی خەڵك گوزەرانی دەکردو هەوای ئازادی هەڵدەمژی لەگەڵ ئەوەی برسیش بوون هیواو ئومێدیان بەئاینده هەبوو ئامادەی هەموو گیانفیدایەك بوون لە گەڵ نەبوونی دام و دەزگا حکومیەکان ئەوەی خانوی هەبوو کەلاوەکەی رێکخستەوە ئەوەشی خانوی نەبوو لە شوێنی گشتی (کولانە)یەکی بۆخۆی دروستکرد، تا دەهات خەڵکی دەڤەرەکە دەگەڕانەوە ناوچەکە، بەرە بەرەدام و دەزگا حکومیەکانیش بۆ خزمەتکردنی خەڵکی دەڤەرەکە لە شوێنە کۆنەکانی خۆیان نوایەکیان بۆ خۆیان دروست کرد، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستی هاولاتیان و رایی کردنی ئیش و کارەکانیان، دوواجار قائیمقامیەت و شارەوانی و ئاوو کارەباو زۆربەی فەرمانگەکان دەگەڕانەوە بۆ رێکخستنی کاروباری هاولاتیان، رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکانیش وەك شیڵتەر ئاڕادمیەك خواردەمەنی و پێداویستیەکانیان بۆ هاولاتیان دابین دەکرد.

دووکانـدارو کاسبکارەکان لە شـوێنە گشـتی یەکـان و شـوێنە کۆنەکانیـان بەتایبەت رۆژهەڵاتـی قەڵادزێ دوکانیـان دروسـتکرد یـان بەعارەبـانە شـتیان دەفرۆشت، دوکاندەرەکان بە هەوڵ و زەحمەتی خۆیان لەگەڵ ئەوەی رژێمیی چیمەنتۆ کەمبوو لەسەر حیسابی خۆیان بە خشتە کۆن و حەسیرو قوماش و تەنەکە شـوێنێکیان بـۆ کـارو کاسـبی رۆژنەیـان دەسـتەبەرکرد، بـنکەی تەندورستی و قوتابخانەش بە هیمەتی خەڵکی دڵسۆزی دەڤەرەکە کرانەوە، ژیانی ئاسایی بەزەحمەت و کوڵەمەرگی زۆر وە بە گوڕوتینیکی نیشتمانی و وریەکی بەرزەوە دەستی پێکردەوە (بەرەی کوردستانی) سەرپەرشتی هەموو بوارەکانی دەکرد کەلە (یەکێتی، پارتی، شیوعی، سۆسیالیست، بزوتنەوەی ئیسلامی، پارتی گەل، .. هتد) پێکهاتبوو، یەکێتی نووسەرانی کوردستان بارەگایەکیان لە تەنیشت بارەگای حزبی شیوعی دروست کردبوو، ئەوکاتە گۆڤـاری (هەنگــاو)و پاشــکۆیەکیان دەردەکــرد نوســەرانی دەڤەرەکەی کۆکردبۆوە، رۆڵی گەورەی بینی لە شەرمەزارکردنی گەندەڵکاران کە شۆفل و کەل و پەلـی گشـتی یـان لە مەرزی (کێلـێ) ئـاودیوو دەکـرد، (کێلـێ) خاڵێکی گرنگ و ستراتیژی (گـومرگ) بـوو ئەوکاتە بە ملیۆنـان دینـار داهاتی بوو حزبەکـان لەنـاو خۆیـان بەشیان دەکردو بەفیڕۆیـان دەدا، لەبـاتی ئەوەی لە بـوژانەوەی ژێرخـانی ئـابوری کوردسـتان خەرجـی کەن، گۆڤـاری هەنگاو لەو سەردەمە بەکردەوە دەسەڵاتی چوارەم بوو دەبوایە تا ئەمڕۆ ئەم گۆڤارە بەردەوام بـوایەو هەمـان رۆڵـی بگێڕایە، مەخـابن ئێمەی پشـدەری کارەکانمـان بـۆنەیین، زەمینـەی بەردەوامیـان نییە لە کـاتی ئاستەنگەکان و

گرفتەکانی دووچاومان دەبنەوە پشومان کورتە ئەویّ دەمێ گۆڤاری هەنگاو رەخنەی جدی لەهەموان دەگرت گەلێك بویرترو بێلایەنتربوو لەکەناڵ و میدیاکانی ئێستا، ئەو بابەتە بۆ کاتێکی دی لێدەگەرێین، ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بدەم دەست درێژی دەرەبەگەکان بوو بۆ سەر موڵکی شارەوانی لەسنووری قەڵازدزێ کە زۆری ئەم زەویانە لەلایەن رژێمی بەعس، خاوەنەکانی قەرەبوو کراونەتەوە کراونەتە موڵکی شارەوانی بەیارمەتی هەندێ بەرپرسی ناوچەکەو هەندێ لەسەرکردەکانی یەکێتی و شارەوانی سلێمانی تاپۆی (تەزویر) کەلەسەردەمی حزبی بەعس رەتکراونەتەوەو هیچ نوزمیەکی یاساییان تێدا نەماوە بەفرِو فێڵ کە هیچ ئەولەویاتێکی لەشارەزانی قەڵادزێ نەبووە بە نایاسایی بۆیان گەڕاندونەتەوە و کراونەتە خاوەنی وەهمی.

لەم بارەیەوە ئەوکات دیدارێکی رۆژنامەوانیم لەگەڵ کاك (مستەفای حەمە پۆلیس)سازدا، بەراشکاوی بێ پێچ و پەنا ئاماژەی بە زۆرشتی گرنگ داوە هەر ئەوکاتە لەرێگای کوردستان بڵاومان کردەوە، ئێستاش لە ئەرشیفی خۆم و رێگای کوردستان پارێزراوە.

لەپشدەر و بتوێن شیوعییەکان و دۆستەکانیان، هاورێی نزیکی جووتیاران بوون، کێشە چینایەتییەکان ناسنامەیان بوون و هەر کە باسی جووتیاران دەکرا یەکسەر شیوعییەکان دەهاتنە بەرچاو، زۆرجار جووتیاران بەسادەیی دەیانگوت: کێشەی ئێمە ئەرکی ئێوەیە، لە بەرانبەردا دەمانگوت ڕاستە ئەرکی ئێمەیە بەبێ خۆتان گرفتەکان چارەسەر نابن، ناکرێ هەموو

کێشەکانتان بەملی ئێمەدادەن، ڕۆڵی کاریگەری ئێوە ئەرکەکەی ئێمە تەواو دەکات، نابێ دوورەپەرێزبن، ڕۆڵی کاریگەر دەبێ ئێوە ببینن، لەو بارەیەوە گفتوگۆی گەرم و ڕاشکاوانە و جدیمان دەکرد.

لەبۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و حزبی و تایبەتییەکاندا لە دەڤەرەکە بەشێکی گرنگی وتارەکانمان سەبارەت بەدۆخی جووتیاران و کێشە و ئاریشەکانیان بوو، لەگەڵ پێشنیاری کۆنکرێتی بۆ چارەسەر کردنیان خەڵکێك قەڵس دەبوون، و پلاریان تێدەگرتین و دەیانویست ئەو بوارە گرنگە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان و دەڤەری پشدەر بچووك سەیر بکەن و بە هەندی وەرنەگرن، ئێمە وەك ئەرکێکی چینایەتی بەمتمانەوە بەردەوام بووین، بەهەموو شێوەیەك هەموانمان دڵنیا دەکردەوە، پێویستە کێشەی زەوی و ململانێی نێوان جووتیارو دەرەبەگەکان لە ڕێگەی یاساوە چارەسەربکەین کە بوارێکی گرنگی بوژانەوەی ئابووری کوردستان و تەکانێکی گرنگی بەرەو پێش بردنی کەرتی کشتوکاڵە و پێگەی ئابووری و سیاسیمان بەهێز دەکات.

زۆر جاران بەهۆی دۆخی تایبەتی دەڤەرەکە و هەستیاری کێشەکان بە بەشداری قایمقام و بەرەی کوردستانی و نوێنەرانی بزووتنەوەی جووتیاران و دەرەبەگەکان و ڕیشسپیان و ..تاد. لە ڕێگەی سولحی عەشایەری کێشەکانمان بەلاداخستووە و چارەسەرێکی مامناوەندیمان داناوە بۆ ڕازیکردنی لایەنە ناکۆکەکان، دەشمانزانی کە چارەسەری ڕیشەیی نییە و هەرسات و کاتێك سەر هەڵدەدەنەوە.

هەڵوێستی ڕاشکاوانەو بوێرانەی شیوعییەکان متمانەی لای جووتیاران دروست کرد لەدوای ساڵی (١٩٩١)ئەو پەیوەندییە بەهێزە دروست بوو کە دەبووایە هەبێت، زۆربەی زۆری سەرکردە و کادر و ئەندامەکانیان کە سەربە حزبە جیاجیاکان بوون هاموشۆیان دەکردین و پەیوەندی لەنێوانمان پتەوبوو متمانەش بەیەکتری لە ئاستێکی بەرزدابوو، پێکەوە ڕووبەڕووی گرفت و کێشەکان دەبووینەوە بە هاوکاری قایمقام و لێژنەی کشتوکاڵ و یەکێتیی جووتیاران و بەرەی کوردستانی دمیان کۆسپ و تەگەرە دەهاتەڕێ و بە پشوو درێژیەوە مامەڵەمان دەکرد و بەردەوام بووین.

ئێمە و بزووتنەوەی جووتیاران بەبێ یەکدی پەنجەمان لەئاو نەدەنا، هەندێ جار لێرە و لەوێ کاری سەربەخۆی نابەجێ دەکرا هەر زوو و بەپیریەوە دەچووین و چارەسەرمان دەکرد، ماڵی من و بارەگا هەریەك بوون، شەووڕۆژ کراوەبوو، ساڵی ١٩٩٣ بۆ پێشوازی جووتیاران، ڕۆژێك لەگەڵ شەهید(حەمە ڕەش) باسی دروستکردنی ڕێکخراوێکی جووتیارانمان کرد، چەند ڕۆژێك دواتر گەڕایەوە لام، وەتمانی حاجی وسوو و شەهید سوارە بابەکریان لەگەڵ بوو، ڕێککەوتین تا جووتیاران لە دەوری ئەم ڕێکخراوە کۆببینەوە، داوایان کرد من یاداشتنامەیەك بنووسم، شەو بۆم نووسین و بۆ بەیانی بۆم خوێندنەوە، هەرهەموویان بەدڵیان بوو، چەند سەرنجێکیان هەبوو یاداشتنامەکەم پێ دەوڵەمەند کرد، دواتر ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان و بەرەی کوردستانی لێژنەی باڵا و یەکێتی جووتیاران . مەکتەبی تەنفیزی و

دامودەزگاحکوومییەکانی دەڤەرەکە و ئیدارەی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانیمان لە قەلآدزێ کرد.

بەڕێز جێنشینی ناوچەی پشدەر

سڵاوی تێکۆشان

ئاشکرایە کێشەی نێوان جووتیاران و ئاغاکان ڕیشەی مێژوویی هەیە، هەمیشە جووتیاران داکۆکیکەری (شۆڕش) و کوردایەتی بوون و لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا قوربانی گرانبەهایان داوە و بە سەدان و هەزاران شەهید بوون بۆ ئەوەی کورد خاوەن کیانی خۆی بێ و چیدی دوژمنان خوێنیان نەڕژێ، شۆڕشی کورد بە درێژایی مێژوو (جووتیاران) بە پلەی یەکەم سوتەمەنی بوون، هەربۆیەشە سەرەتای دەستپێکردنی تواندنەوەی گەلی کورد لە ڕاگواستن (ترحیل)ی دێهاتەکانی کوردستانەوە دەستی پێکرد، لەوێشەوە باسکی بەهێزی گەل کە پێشمەرگەیە بۆ ئەوەی نەتوانێ، درێژە بە شۆڕش و کوردایەتی بدات... بنبڕ بکات، لەگەڵ ڕوخاندنی دێهاتەکان.

دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری (١٩٩١) و ڕزگارکردنی تەواوی شارەکانی کوردستان لەلایەن جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی... ئازادی و دیموکراسی بەرقەرار بوو، دوابەدوای ئەوەیش لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئازاددا (پەرلەمانی کوردستان) لەدایک بوو...

هەر لەسەرەتاوە (بەرەی کوردستانی) لێبوردنی گشتی بڕیاردرا و ڕاستەوخۆش بانگەوازی کرد بۆ تەواوی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی دێهاتەکان ئاوەدان بکرێنەوە، چونکە لەڕووی ستراتیجییەوە گرنگی تایبەتی هەیە و هەروا لەڕووی (ئابووری)شەوە کە دووجار کوردستان ئابلۆقەی ئابووری خراوەتە سەر خەڵکەکەی برسی و ڕووت و بێکارە دەبوژێتەوە، هەربۆیە ناوچەکەمان ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە بۆوە، چونکە ئاغاکان ئاڵۆزی و بارگرژیان دروست کرد و بواریان نەدا جووتیارەکان بگەڕێنەوە گوندەکانیان، بەمەش کێشەکان ئاڵۆزتر بوون، ئێمە وەکو نوێنەری جووتیاران هەمیشە بەدوای ڕێگەچارەی ئوسوڵی و ئاساییدا گەڕاوین، چەند جارێك سەردانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیمان کردووە، هەروەها سەردانی وەزیری کشتوکاڵمان کردووە، هەروەها سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، چووین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و چەندینجار لەگەڵ جێنشینی ناوچەی پشدەر دانیشتنمان کردووە، کەچی هیچ ئەنجامێکی نەبووە!! جیا لەوەی مانەوەی کێشەکان زۆرجاران بووە بەهۆی شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لەنێوان جووتیاران و ئاغاکان و چاکیش دەزانین شەڕ و پێکدادان و خوێنڕژان بەرژەوەندی کەسی تێدا نییە و چارەسەری کێشەکانی پێ ناکرێت، جیا لەوەی لەم وەزعە ناسکەی ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی دوژمنانی گەلەکەماندایە.... بەڵام کاتێك جووتیار بێ نان و بێ جێگە و ڕووت و برسی بێت، سەرباری ئەوەی حەقی خۆی لێ زەوت بکرێت، پەرلەمانی کوردستانیش بەرهەمی تێکۆشانی جووتیاران بێت،

کەچـی جووتیـاران لە بچـوکترین شـت بێـبەش بـن و سـەرەڕای ئەوەش بچەوسێنرێنەوە، هەربۆیە ئێمە ڕیش سپی و نوێنەرانی هەردوو عەشیرەتی نورەدینی و بلباس (مامەش) بێ گوێدانە مەیلی حزبایەتی، بەناچاری و بـۆ داکـۆکیکردن لە خۆمـان کە ڕێـژەی (٩٥%)ی جووتیـارانی نـاوچەکە پێکدەهێنین، بەمەبەستی سنوردانان بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی جووتیـارنی نـاوچەکە دەبـنەوە، کۆبوونەوەیەکمـان سـازدا و لیژنەیەکمـان بەناوی(لیژنەی سەرپەرشتی جووتیارانی پشدەر) پێکهێناوە.

ئێمە لە پێش هەموو شتێك پشتیوانی و هاوکاری خۆمان بۆ حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتان دەردەبـڕین و هەمیشـەش سـەربازی دڵسـۆزین و دەستکەوتەکانی وەکو چاوی خۆمان دەپارێزین. ئێمە (یاسا) بە سەروەری خۆمان دەزانین و دەمانەوێت بۆ ئەم ئیشانە (یاسا) ڕابەرمان بێت... ئەوا بۆ دوو سـاڵ دەچێـت چـاوەڕوانین و بەردەوام هەوڵمانـداوە بەپێـی (یاسـا) چارەسـەرمان بـۆ دابنرێـت، بەداخەوە تـا ئێستا هـیچ هەنگـاوێکی جدی و عەمەلی نەنـراوە بـۆ ئەم کێشـانە، ئاشکراشـە مـانەوەی ئەم کێشـانە زیـانی گەورەن لە داهات و ئـابووری (پەرلەمـانی کوردسـتان) وێـڕای ئەوەش ئەوا جارێکی دی وەرزی کشتوکاڵ نزیك دەبێتەوە و تا ئێستا هیچ چارەسەرێك لە ئارادا نییە، هەتا جووتیاران پێی دڵخۆش بن!!

جا بۆ ئەوەی چی دیکە مەسەلەکان دوانەخرێن و بەروبومی ئەمساڵیش لە دەست نەچێت، داوا دەکەیـن لە بەڕێزتـان هەرچی زووتـرە، پەلە بکرێت بـۆ گەڕانەوەی جووتیـارانی نـاوچەکە بـۆ گونـدەکانیان و زەوییەکانیـان بـۆ

بگێڕدرێتەوە، دەنا ناچاری ئەوە دەبین خۆمان بەم کارە هەستین، ئەوکاتەش خۆتان بەرپرسن، لە هەر کێشەیەك کە ڕوودەدات، هەروا ئەو برادەرانەی لە خوارەوە ناویان نوسراوە، لیژنەکەن بۆیە بە باشی دەزانین بەڕێزتان بیانناسن، چونکەئەوان سەرکردایەتی جووتیارانی ناوچەکە دەکەن و لیژنەی سەرپەرشتی دەبن.

هەروەها لەمەودوا هەر پرس و ڕاوێژێك دەبێت لەگەڵ ئەوانە بکرێت، داوا دەکەین بەڕێزتان دەزگاکانی سەرووی خۆتان لەم کێشانە ئاگادار بکەنەوە، هەروەها کاری بە پەلەش کە ئێمە لە بەڕێزتان داوا دەکەین ئەمانەن:

١- گەڕانەوەی جووتیاران بۆ گوندەکانیان.

٢- جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠) و دانەوەی زەوی جووتیارەکان هەتا (پەرلەمان) یاسایەکی دی دەردەکات.

٣- کڕین و فرۆشتنی زەوی لە قەڵادزێ بوەستێنرێت هەروەها لە دێهاتەکانیش.

٤- دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران بە یەکسانی.

٥- دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییەی کە لەناوچەکەدا ماوەتەوە و نەفرۆشراوە وەکو توتن و گوڵەبەڕۆژە ...هتد.

٦- سزادانی هەرکەسێك کە سەرپێچی دەکات.

هەر سەرکەوتوو بن.

وێنە بۆ:

- پەرلەمانی کوردستان
- لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار
- مەکتەبی تەنفیزی / هەولێر

▪ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی
▪ گشت رۆژنامەکانی حزبەکانی / بەرەی کوردستانی
▪ گشت لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی لەناوچەکە

لەگەڵ ڕێزدا

• لیژنەی سەرپەرشتی جووتیارانی پشدەر

١٩٩٣/٤/٥

١- ئەبوبەکر باداوەیی
٢- حەسەن عەزیز ئەحمەد
٣- خدر حەمە کاخدر
٤- عەزیز فەقێ کاحوسێن
٥- حەمە ئەمین ئەحمەد فەرخە
٦- کامەلا سلێمان
٧- عەبدوڵا مستەفا
٨- حاجی ئەحمەدە شەنگە
٩- سوارە بابەکر مەحموود
١٠- حەمە ڕەش مەحموود حاجی حەمەڕەش
١١- مەحموود ڕازانی

یاداشـــتنامەکەی لیـــژنەی سەرپەرشـــتی جوتیـــاران لە ١٩٩٣/٤/٥ ئیمزاکردنی یانزە(١١) کەسایەتی ناسراوی بەوەجی دەڤەرەکە کە لەهەمـوو قۆنـاغە جیاجیاکانــدا رۆڵـی بەرچاویـان بــووە، بـۆ پەرلەمــان و لیــژنەی چارەسەرکردنی کیشـەی زەوی و زار، مەکتەبی لێژنەی تەنفیزی ناوەنـدی یەکێتی جوتیارانی کوردستان و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و سـەرجەم لایەن سیاسـیەکانی دەڤەری پشـدەر جـدیەت و هەسـت بەرپرسـیاریکردنی جوتیاران بوو بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان بە فەرمی لە رێگا یاساوە.

یاداشتنامەکە باسی بانگەوازی (بەرەی کوردستانی) و لێبوردنی گشتی بۆ تەواوی گەلی کوردستان و بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەرکرد، لەبەر گرنگی ستراتیژی لە رووی سیاسی و بواری ئابوری ، کە کوردستان بەدوو ئـابلۆقەی ئـابووری دەنـاڵێنێ خەڵـکەکەی برسـی و بـێ کـارە، هەرێمـی کوردســتان رووبەڕووی تەنــگ و چەڵەمە وبــۆتەوە، هەر لە ســەرەتاوە(دەرەبەگەکان) رێگریان لە جوتیاران کرد بگەڕێنەوە گوندەکانیان، سەرەڕای سەردانی نوێنەرانی جوتیاران و سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی و وەزیــری کشــتوکاڵ و پەرلەمــانی کوردســتان و ئەنجــومەنی وەزیــران و قائیمقـامیەتی نـاوچەی پشـدەریان کـرد، کەچـی بـێ ئاکـام بــوو هـیچ ئەنجامێکی نەبوو سەرەڕای مانەوەی کێشەکان شەڕو پێکدادانی خوێناوی بەردەوام دێـژەی هەبـوو هەمـــوو جارەکـان، دەرەبەگەکـان بە مەبەســتی ئاڵۆزکردنی مەسەلەکان دەستپێشخەریان کردووە لە پەلامـاری جوتیـاران، لای هەمـوانیش ئاشکرایە شـەڕو تونـدوتیژی نەك چارەسـەری کێشـەکان ناکـات

ئاڵۆزتریشـی دەکـات و بەرژەوەنـدی کەسـی تێـدانییە، جیـالەوەی دۆخـی هەستیاری هەرێمی کوردستان و ناجێگیری دۆخەکە تەنێ لەبەرژەوەندی دوژمنانی و داگیرکەراندایە، کاتێك پەرلەمـان پشکی گەورەی بەرهەم و تێکۆشانی جوتیاران بێت، جوتیاران بێ جێ ورێگەمابنەوەو لێنەگەڕێن بۆ زێدی باب و باپیرانیان بگەڕێنەوە،لە بچوکترین مافی خۆیان بێبەش بن، هەربۆیە جوتیارانی نورەدینی بڵباس (مامەش) بەناچاری بێگوێدانە مەیلی حزبـایەتی ،بـۆ داکـۆکیکردن لە جوتیـاران کە ڕێـژەی ٩٠%ی جوتیـاران ناوچەکەپێك دێن، بەمەبەستی سنوردانان بۆ رووبەرووبونەوەی گرفتەکان کەدووچاری جوتیـاران دەبێـتەوە لە کۆبونەوەیەکـدا (لێـژنەی سەرپەرشـتی جوتیـاران) یـان پێك هێنـا ئاماژەیـان داوە دەسپێکی ئەرکەکانمان داکۆکی لە حکـومەوتی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن دەسـکەوتەکانی گەلەکەمـان وەك چاوی خۆمـان دەپارێزین. لە یاداشتنامەکە(جەختیـان لە جێ بەجێکردنـی یاسا کردۆتەوە) داوا دەکەن بۆئەم کێشەو ئاریشـانە (یاسا) رابەرمان بێت، ئاماژەیان داوە دووساڵە چاوەڕوانین و هەوڵی زۆرمان داوە بۆ چارەسەرکردنی لەبەرامبەردا هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە کە زیـانی گەورەن بـۆ داهـات و ئـابوری (هەرێمـی کوردسـتان) لە کاتێکـدا وەرزی کشتوکاڵ نزیك بۆتەوەو هیچ هەنگاوێك نەنراوە تا جوتیاران دڵیان پێ خۆش بێت، بەباشمان زانی بۆ ئەوەی چی تر کێشەکان دووانەخرێن، بەروبومی ئەمساڵیش لەدەست نەچێت، داوا کارین پەلەبکەین بۆ گەڕانەوەی جوتیاران و زەویەکانیشیان بۆ بگەڕێنـدرێتەوە، ئەگەر کەمتەرخەمـی بکەن خۆمـان بەم

کـاره هەڵدەسـتین، ئەوکـاتە خۆتـان بەرپرسـن لە هەرکێشـەیەك ڕودەدات، ئاماژمیان بەناوی هەر (١١) کەسایەتیە ناسراوەکە داوە، نوێنەرایەتی تەواوی جوتیارانی دەڤەرەکە دەکەن کە نوێنەرایەتی سەرکردەی جوتیارانن، هەر پرس و راوێژێك لە ڕێگەی ئەو کەسایەتیانەوە دەبێت هەروەها کۆمەڵێك داواکاریان خستۆتەبەردەم بەرپرسانی ئەم بوارە لە ناوچەکە، هەنگاوی عەمەلی و جدی نین بۆ جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی کاتی لەبەرژەوەندی هەمووڵایەك.

لێـژنەی سەرپەرشـتی جوتیـاران لەگەڵ ئەوەی پشـوو درێژبـوون بـۆ چارەسـەری کێشـەی زەوی بەپێـی یاسـا هاوکـات بـۆ سـەقامگیری و دورکەوتـنەوە لە ئەگەری هەرکێشـەیەك و وەستانی ململانـێ و کێشـەکان لە تاکتیکدا بـۆ دورخستنەوەی بەریەك کەووتـن و گرژیەکان لە دۆخێکی بـێ مەترسـی کۆمەڵێـك خـاڵ وپێشـنیار دەخەنە بەردەم بەرپرسـان لە هەمـوو ئاسـتەکان هەتـا پەرالەمـان و ئەنجـومەنی وەزیـرانیش، چـونکە دمیـانزانی بەجێبەجێکردن و پابەندبوون بەو خاڵانە زەمینەیەکی گونجاو بێ کێشـە و ئاریشە فەراهەم دەبێت:

١- گەڕانەوەی جوتیاران بۆ گوندەکان.
٢- جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(٩٠) دانەوەی زەویە داگیرکراوەکان بە جوتیاران هەتا پەرلەمان یاسایەکی نوێ دەردەکات.
٣- کرین و فرۆشتنی زەوی لە دێهاتەکان و قەڵادزێ و دەڤەری پشدەر بوەستێنرێ.
٤- دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران بە یەکسانی.

٥- دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئەم بەرهەمە کشتوکاڵیانەی لە دەڤەرەکە ماونەوتەوە و نەفرۆشراون وەکو توتن، گوڵە بەڕڕژە، هتد.
٦- سزادانی هەرکەسێك کە سەرپێچی دەکات.

دوای ئەم یاداشتانە هیچ لایەنێك وەڵامیان نەدایەوە، هەڵوێستیان نەبوو، دەرەبەگەکانیش بە پێچەوانەی ئەم یاداشتانە بە پشتیوانی دەسەڵات لە ناوچەکەوە چیان پێ خۆشبایە دەیانکرد، ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکان ئالۆزتر و قوڵتردەبوونەوە، بارگرژی تا دەهاتە پتر و کێشەکان ئالۆزتر دەبوون، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش بۆ دانانی چارەسەرێك ، هیچ هەنگاوێکی نەنا بەم هەڵوێستەی زەمینیەی دەستدرێژی دەرەبەگەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەڵکشان دابوو، بەرەی کوردستانی و قایمقامیەت لە ناوچەکەدا مەیلی چارەسەری کێشەکانیان هەبوو بەڵام هیچ پشتیوانیەك لە سەرەوە بۆیان نەبوو بۆیە نەیاندەتوانی چارەسەری کێشەکان بکەن و پینەو پەڕۆیان دەکرد، تا ماوەیەك درێژەی دەکێشا و لە پڕ سەری هەڵدەدایەوە، چەندجارێك مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستان هات نەك چارەسەریان پێ نەکرا ئالۆزتریان کرد، بەو حاڵە کێشەکان مانەوە و ناوە ناوە بارگرژی ڕووی داوە، ڕۆژ بەرۆژ جوتیاران خۆیان ڕێك دەخست و بەبەرنامەو پیلان کاریان دەکرد، بەردەوامیش لە پەیوەندی بوون لە هەموو ئاستەکاندا بۆ ئەوەی ئەم کێشانە لەرێگەی گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجا و چارەسەر بکرێ، هەمیشە لە پەیوەندابوون لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، سەرکردایەتی حزبەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ و

سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و مەکتەبـی تەنفیـزی و یەکێتـی جوتیـارانی کوردسـتان قائمقامیەتی قەزای پشـدەر، بێ دەسـەڵاتی و بـێ هەڵوێستی و خەمساردی بەرپرسـیان، جوتیـارانی بـێ ئومێـدکرد، لەگەڵ ئەوەش لە هەوڵە دیبۆلۆماسیەکانی خۆیان وازیان نەهێنا هەوڵەکانیان چڕتر دەکردوە بۆ پەیداکردنی دۆستی نوێ و پشتیوانی بۆ داوا ڕەواکانیان.

بزوتنەوەی جوتیاران وەك بزوتنەوەیەك سەربەخۆکاری خۆی دەکرد رۆژ بە رۆژ جوتیاران لەسەرتاسەری کوردستان لەدەوری ئەم بزوتنەوەیە کۆدەبونەوە حزبە دەسەڵات دارەکان(یەکێتـی و پارتی) زۆر هەوڵیانـدا ئەم بزوتنەوەیە دەستەمۆبکەن نەیانتوانی (pkk)ئەنـدامێکی سەرکردایەتی و کۆمەڵێك کادری چالاکی لە پشدەر تەرخانکرد ماڵی حزبی و بارەگای نهێنیان دانا بزوتنەوەکە لە بۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە بەرنامەو سیاسەت و هەڵسەوکەوتی رۆژانەیان بەئاراستەی ستراتیژو سیاسەتی(pkk)دا بەرن، کۆمەڵێك خولی سیاسی و فیکری و سەربازی و...تا بۆکردنەوە لە (زەڵێ) و(گەرمکان) ئەوکاتە بارەگای کۆنسەی سەرۆکایەتی لە (زەڵێ) بوو هاوکات کادرەکانیان بەئاراستەی دژایەتی کردنی حزبەکان باشور پەروەردە دەکرد، بەحزبیشمانەوە بەم شێوەیە رەفتاریان دەکرد کە (pkk)دەیکرد، چەندجار راستەوخۆ لەگەڵ (لیـژنەی سەرپەرشـتی جوتیـاران) دانیشـتم مەترسـی هەڵوێسـتی ئەو ئەندامانەمان پێ گوتن، کە لەسەنگەری جوتیارانەوە ئەرك و فەرمانی تر ئەنجام دەدەن بەراشکاوی پێمان گووتن: پاشکۆبوونتا بۆهەر حزبێك بەرەو هەڵدێر بردنی بزوتنەوەکەتانە، دەکرێ دۆستی هەموان بن ناکرێ پاشکۆی

هیچ حزبێك بن رووبەڕوو ئەوەیان دەسەلماند بەڵام هەندێکیان لەپشتەوەکاریان بۆ شتی تر دەکرد، بەناچاری لە رێگەی ئەو ئەندامانەی پەیوەندی دۆستایەتی و هاموشۆیان لەگەڵ یەکتر بەهێز بوو متابەعەی تەواومان بەیەکدی هەبوو کار کرا دژی ئەوانەی لە بەرژەوەندی جوتیاران و بزووتەوەکە هەڵس و کەوت ناکەن و ئاو لە ئاشی خەڵکی دی دەکەن، پارتی و یەکێتی نیشتمانیش دەیانویست بزوتنەوەکە بەلای خۆیاندا راکێشن، بەڵام نەیانتوانی، شەڕێکی گەورە روویدا دەرەبەگەکان گەڕانەوە گوندەکان، رێگەی جوتیارانیان نەدا لە گوندەکان بن، جیا لەوەی جوتیاری گوێ لەمستی خۆیان هەبوو، بەهەمووشێوەیەك پشتیوانمان لە جوتیاران دەکرد و هاوڕێیان بەشداری شەڕەکانیان دەکرد، لە یەکەم شەڕو پەلاماری جوتیاران بۆسەر ئەو گوندانەی(دەرەبەگەکان) داگیریان کردبوو هاوڕێ(حەمە سور حەسەن زەردان) تێکۆشەرێکی دیرین و کادیرێکی ناسراوی دەڤەرەکە و ئەندامی حزبی شیوعی لە شەڕێکی دەستەویەخە کاتی هەڵمەت دەبەنە سەرگوندە داگیرکراوەکان، شەهید دەبێت، لەماوەیەکی یەکجار کەمدا ئەو گوندانەی سنوری پشدەر کە داگیرکرابوون جارێکی دی ئازاد دەکەنەوە، ئەگەر لێپرسراوانی(یەکێتی نیشتمانی) نەبا ئاودیوی (ئێران) یان دەکردن، خێرا هێزەکانی یەکێتی و پارتی کەوتنە خۆیان و داکۆکیان لە دەرەبەگەکان دەکرد، لەکاتی هێرش بردندا هەندێ خەڵکی نەفس نزم تالان و دزی و پیاو خراپیان کرد، بەڵام ئەوە کاریگەری نەکردە ناوەرۆکی مەسەلە رەواکەی جوتیاران، پاش ئەو سەرکەوتنە مەزنە جوتیاران ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ

چارەسەری کێشەکە تا بەئاشتی ولەرێگەی یاساوە چارەسەر بکرێ، جوانترە هەموان پێکەوە بە یەکسانی لە ژێر چەترێکدا بژین، دەرەبەگەکان ملیان نەداو درێژەیان بەکاری تێکدەرانەی خۆیانداو گرفت و کێشەو ئاژاوەیان بەردەوام درووست دەکرد.

یەکیەتی و پارتیش دوو کامپی سەربازیان بۆ دەرەبەگەکان کردەوە، یەکێکیان لە(پێلیسکە) کامپێکی سەر بە پارتیش لە (گۆمان) لەلایەن ئێرانیشەوە کۆمەك دەکران، لە کاتێکدا ئەم دوو سەربازگەیە هیچ شەرعیەتێکیان نەبوو،ململانێی یەکیەتی و پارتی بۆشایی درووست کرد،دەرەبەگەکانیش لەم دوو سەربازگەیە هەرەشەی بەردەوام بوون لەسەر جوتیاران،کاری تیرۆریان ئەنجام دەداو لە ناو زەوی جوتیاراندا مینیان دادەنا، بەم هۆیەوە چەند جوتیارێك کەمئەندام بوون.

جوتیاران روبەرێکی بەرفراوانی زەویەکانی پشدەریان کەوتە بەردەست، چەند ئەندامێکی بزووتنەوەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان هەڵوێستی ناشایستەوە مامەڵەی نەشیاویان دەنواند، دەیانویست لە رێگەی زەویەکان جوتیارەکان دەستەمۆ بکەن .

جموجۆڵ و چالاکی (لیژنەی سەرپەرشتی جوتیاران بەردەوام بوو بە هەموو شێوەیەك هاوکاریم دەکردن، لە هەموو بوارەکانەوە لە رۆژنامەی(رێگای کوردستان)یش کارو چالاکییەکانم بڵاو دەکردنەوە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم و لیژنەی ئاسایی کردنەوە بۆ هێمنکردنەوەی ناوچەکە پشدەر، بەڵام دەرەبەگەکان بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر جووتیاران رۆژی

١٩٩٤/١١/١ چەنـد چەکـدارێکی سـەربە دەرەبەگەکـان بە مەبەسـتی تیرۆرکردنی کەسایەتییە ناسراوو جووتیارەکانی پشدەر لە (باژار)ەوە خۆیان دەگەیەننە ناوشاری قەڵادزێ کە لە شەڕی پێشتر دەستدرێژیان کردبووە سەر جووتیاران و بڕوبیانویان پێ دەگرن لە کاتێکدا لیژنەی ئاسایی کردنەوەی لە ڕێگەی هێزێکی هاوبەشەوە بێ وچان هەوڵیداوە دیاردەی چەکداری نەهێڵێ ئەمەو هـاتنی پارێزگـای سـلێمانی بـۆ نـاوچەکە لەگەڵ لیـژنەیەك بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی زەوی و دانیشـتی بـزوتنەوەی جوتیـاران لەگەڵ ئاغاکـان لەرێکەوتـی ١٩٩٤/١٠/٢٠ بە ئامـادەبوونی هەمـوو لایەنە سیاسییەکانی نـاوچەی پشـدەر، لەبەردەمـی پارێزگـای سلێمانی و هەمـوو لایەنە سیاسییەکان ئاگاداری هەموو لایەك کرا کە بەچەکەوە هاتنە ناوشار قەدەغەیە بۆ هەموو کەسێك، بە پێچەوانەی ئەم بڕیارە دەرەبەگەکان لەناو شـار دێـنو دەچـن، لیژنەی ئاسـایکردنەوە بەمە دەزانێت بەرەو ئەو شـوێنانە دەچن، دەرەبەگ و جووتیارەکان ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، پێش گەیشتنی لیژنەی ئاساییکردنەوە خۆیان بە بارەگای (بزوتنەوەی ئیسلامی)دا دەکەن، لە دواییـدا نـوێنەری حزبـی شـیوعی و بـزوتنەوەی ئیسـلامی نـوێنەری لایەنەکانی دی ئامـادە نـابن، لەوکـاتە بڕیـار دەدەن چەکـدارەکان تەسـلیمی لیژنەی ئاسایی کـردنەوە بـکەن و بـدرێنە پۆلیس، بـزوتنەوە چەکـدارەکانی رادەستی پۆلیس دەکات، لە پشتی ئەم هەوڵانە ئاغاکان چەکدارێکی زۆریـان کـۆکردەوە بـۆ هێرشـکردنە سـەر جووتیـاران لە قەڵادزێ مەرجـی بەردانـی چەکدارەکانیان دادەنێن بێ ئەوەی لە ڕێگەی حزبەکانەوە نوێنەریـان بێت بۆ

لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، لە کاتێکدا دەزانن گرتنی چەکدارە دەرەبەگەکان هیچ پەیوەندی بە جوتیارانەوە نییە هەڵدەکۆڵنە سەر قەڵادزێ و شەڕێکی گەورە بەرپا دەکەن بێ ئەوەی جووتیاران ئاگایان لەم مەسەلانە هەبێت، لە گریداغ هەڵدەکوتنە سەر کۆمەڵێک جووتیار بەڕوومانەوەچەکی ئاغافڵا جووتیارێك بەناوی (رزگار) شەهید دەکەن (٣) جووتیاری دی بریندار دەبن، جووتیاران دێنە دەست (٢) ئاغا دەکوژن و (٧) ئاغای تر بریندار دەکەن، شەڕ لە کاتژمێر (١)ەکەوە دەست پێدەکات بە هەوڵی لیژنەی ئاسایکردنەوە سەر لە ئێوارە کۆنترۆڵی شەڕەکە دەکەن ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو (٤) چەکدارەی سەر بە ئاغاکانن و بە بڕیاری لیژنەی ئاسایکردنەوەی دەگیرێن لە کاتی شەڕەکە بێ لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بە دزییەوە لەلایەن نوێنەری (یەکێتی نیشتمانی) بەرەڵڵا دەکرێن، لەبەر ئەوەی سەر بەوانن جیا لە وەی کاتێکیش دەگیرێن لەناو زیندان هەر بەچەکەوە دەبن بۆ ئەوەی دڵی ئاغاکانیان لێ نەڕەنجێ.

دەسەڵات (یەکێتی و پارتی) گوێیان نەداوەتەوە ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە کێ لەسەر حەقە یان نا؟ هەمشە داکۆکیان کردووە لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان، بۆیە نەك چارەسەری کێشەکانیان بێلایەنانەو یاساییانە نەکردووە، بوونەتە هۆی قوڵکردنەوەی کێشەکان و فراوانکردنی بارگرژییەکان، دڵنیام زۆرێك لەو ڕەفتارانەی لە دەڤەری پشدەر کراوە، بە بریارو ئاگاداری سەرکردایەتی و حزبەکانیان نەبووە.

ئەوان واتـا دەرەبەگەكـان لەسـەر هەڕەشـە و گوڕەشـەكانیان بەردەوام بـوون هەمـوو هەوڵێكیان دەدا كەس هاوسۆزی لەگەڵ جوتیاران نەبێت، بەپێچەوانەوە ئێمە وەك حزبی شیوعی پێش ئەوەی ڕێكخراوێكی جوتیاری دروست بێت بەرنـامەی حزبمـان جـێ بەجـێ دەكـرد و مـن وەك بەرپرسـی یەكەم(سـەلام عـومەر)وەك نـوێنەری حزبمـان لە بەرەی كوردسـتانی دانـا، نوێنەرمـان لە یەكێتی جوتیـارانی كوردستان لە قەڵادزێ، لەكێشـە و ئاریشـەكان داكـۆكی كەرێكـی سەرسـەختی مـافە رەواكـانی جوتیـارن بـووین، مـن لەگەڵ ڕاگەیانـدنیش بەوئاراسـتەیە، ریپۆرتـاج، چـاوپێكەوتن و لەگەڵ كەسـایەتی گونـدەكان وتـارم دەنوسـی، لە ١٩٩٤/١/٣٠ فەرمانـدەی هێـزی چەكـداری عەشایەری پشـدەر لە قنـدۆڵ ئاگاداریەكیـان بە نهێنـی خسـتبووە حەوشـەی مـاڵەوە كە (٢-٣) جار قەڵەمـی ژەهـراویم دەخسـتە سـەر كـاغەز، جارێك بە خائن و جارێك هەرەشەم لێكردوون تۆڵەی جوتیارانیان لێ بكەمەوە، ئاگادارم دەكەن نوسەر دەبێت خزمەتـی وڵات بكـات نـابێ بـۆ ئـارەزوی خەڵكـی گێـرە شێوێن و هەلپەرسـت قەلەم بخـاتە سـەر كـاغەز ئامۆژگـاریم دەكەن كە مـن منداڵم زۆری وەكو منیان بەسەهوبردووە.

ئینجا داوای برایەتیم لێ دەكەن و هۆشدارم دەدەنێ تۆزێك بیر بكەمەوە دوواتر بە قەولی ئەوان كەس بەری خراپەی نەخواردوە و دەشڵێن لە ئـاخری پەشـیمان دەبـیەوە هەڕەشـەدەكەن چیـدی لەسـەر ئەم مەسـەلانە بـرۆم (تەعەمـولی) هەمـوو مەسـئولیەتێك دەبـێ بـكەم، ئەوە پەیـامی گەرمـی فەرمانـدەی هێـزی چەكـداری عەشـایری لە پشـدەر بـوو لە قنـدۆڵ و

هەڕەشەشیان کردووە شەوێك پەلاماری ماڵەکەی من و بارەگا بدەن کە بەیەکەوە بوون، هەندێ لە ترسان وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا.. لەبەرامبەردا ئێمە هەموو شەوێك بەجۆرەها چەکی گەورەو بچوك بەووریایەوە لە ئامادە باشیدا بووین. چەند شەوێکیش ترسنۆکانە دەستڕێژی گوللەیان لە هاوڕێیانی پاسەوان و هاوڕێیانی دی لە بارەگا دەکرد خۆشبەختانە هیچ زیانی نەبوو دووشەویش لەسەریەك دوو ئارپیچی تەوقیت کراویان بەماڵی ئێمەوەنا.. گوللەکان بەردیواری دەرەوە کەوتبوون کە زۆر نزیك بوو لەو پەنجەرەی تیدا دانیشتبووین، هیچ زیانێکی نەبوو.

شەوێکیش لەبەری گەرمکان تەقەو هەرابوو خێرا بەپێ کە ٤٠ دەقە دەبوو مەفرەزەیەکمان برد، گەیشتیەنەلایان کە پەڕینەوە هیچ روی نەدابوو چاومان پێیان کەوت و هەربەم شەوە گەڕاینەوە قەڵادزێ، جارێکیش گوندی چۆمخرکە داوایان لێکردین کە هەواڵیان لایە ئەم شەو ئاغاکان نیازیان وایە پەلاماری گوندەکەیان دەدەن، لە ئێوارەوە هێزێکمان برد بۆ حەرەسیات تانزیکی سەرلەبەیانی لەگەڵیان بووین، کاتێك کاك(هەمزە) کە جووتیارێکی لەسەرەخۆو بەڕێز بوو هات بۆ ئەوخاڵەی ئێمەی لێ بوین منی دیت واقی وڕما گووتی: دکتۆر ئەتوش لێرەی شەرتە لەوشەوەوە دەبێت پێم بڵێن(هەمزە شیوعی) هەموو دامانە قاقای پێکەنین لەو شەوەوە ناومان لێ نا(هەمزە شیوعی) تا ئێستا هەروا بانگی دەکەم سەرەڕای ناخۆشیەکان، روداوی خۆش و سەیرو سەرمەرەی ناخ هەژێن هەن، خۆشیەکانی بەردەوامن و

نابڕێنەوە هەر کە یەکدی دەبینین ئەو ڕۆژە خۆش و ناخۆشانەمان دێتەوە یاد..

ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٩ بزووتنەوەی جوتیاران سەردانیان کردم کە نیازی سەردانی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێیان هەیە هێزێکی زۆری جووتیارانیان کۆکردبۆوە، منیش وەعدم دانێ لەگەڵیان بچین ئیشێك هاتە پێشەوە گوتم ئەگەر دوایخەن، گوتیان دواخستن ئاسان نی یە ئێمە هەر دەچین، بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٩٣/١٢/٢٠ بەڕێکەوتن، دیارە دمرەبەگەکان زانیاریان دەبێت لە چونی ئەوان بۆ ئەم شوێنە پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ لە بەرزاییەکان گۆمان کە چەند لۆفەیەکی تێدایە، کەمینێکی بەرفراوان دادەنێن هەرکە ئەوان دەگەنە نزیکیان لە هەموولایەکەوە بەردەسترێژیان دەدمن جوتیاران دێنەدەست و دادەبەزن شەڕێکی گەورە ڕوودەدات، لەو شەڕەدا هاوڕێ(حەمە ڕەش مەحمود حەمەڕەش)یەکێك لەسەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی جوتیاران و (٤) جوتیاری تر شەهید دەبن و ژمارەیەك برینداریشیان دەبێت لەوانە(مەولانی گەرمکان) فەرماندەی بەتوانا و ئەندامی لێژنەی سەرپەرشتی جوتیاران شەهیدەکان(حەمەدەمین حەمە شوان) عەوڵای حەمە جاف، بەکر حەمە صالح(چوار قوڕنە)، عەبداڵڵەی پورە گوڵێ، شەهیدبوون، سەرەڕای ئەم شکستە سەربازی و مەعنەویەی جوتیاران بە گوڕوتین و ورەی بەرزەوە هاتنەوە مەیدان مامۆستا(ئەمین مەحمود حەمە ڕەش) کە کادیرێکی ناسراوی حزبمان بوو، پێش ڕاپەڕین دەستگیرکرا لە بەندیخانە بوو پێشمەرگەکانی حزبمانی لە چوارقوڕنە و ڕاپەڕین بۆ بەری کۆسرەت

دەپەڕاندەوە، هەر دوای شەهیدبوونی حەمەڕ ِەش مامۆستا ئەمین چاو نەترسانە جێگەی گرتەوە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ناو بزوتنەوەی جوتیاران، هەر زووکەوتنەوە سەرپێ و ئەرکەکانیان گورجتر دەست پێکردەوە پاش ماوەیەك لە ١/٢٩ تا ١٩٩٥/٢/١ لە گوندی سەربڵندی ئازدکراو لەستەمی ئاغایەتی(گەرمکان)ی قەڵای پیرۆزی چینایەتی دژ بە دەرەبەگایەتی بەو پەڕی سەرکەوتوانە ئەنجامدرا، بەم بۆنەیەوە بزوتنەوەی جوتیاران مژدەی دا بە جوتیارانی بەشمەینەت و هەژارانی باشوری کوردستان کە دەبنە پشت و پەنایان مژدە دەدا بە شەهیدەکانی کە ڕەنجی خەباتیان بەری گرت، شایانی باسە لە هەموو حزبەکان تەنیا حزبی شیوعی بەشداربوو وەك میوان لەو کۆنفرانسە ئەوانیش(هاوڕێ شەپۆڵ بوو) لەکاتی کردنەوەی کۆنفرانسەکە ئامادەبووین دوای دەستپێکردنی کارەکان کۆنفرانسەکەمان جێهێشت، کۆنفرانسێکی تابلێی سەرکەتووبوو لە ڕووی ئامادەکاری و ئەنجامەکانی توانرا ناوی لیژنەی سەرپەرشتی جوتیاران بگۆڕن بۆ ((بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان)) بوونە خاوەن بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆش پێگەی بزوتنەوەکە تادەهات فراوانتر دەبوو، بونە خاوەن دیسپلین و چوار چێوەیەکی یاسایی و فەرمی نزیکەی (٥) کەسایەتی بەهێز بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بزوتنەوەکە، تۆڕێکی کادری بەرفراونیش شەو ڕۆژ لە ئەرك و کاری بزوتنەوەکە دابوون، بزوتنەوەی جوتیاران بە بەراورد لەگەڵ حزبەکانی دەڤەرەکە بەهێزبوو خاوەن دیسپلین و ڕێکخراوێکی گورج و گۆلتر بوون هەژمونی خۆیان بۆ بەرژەوەندی جوتیاران

و تەواوی هەژارانـــی دەڤەرەکە چەســپاند و یــارمەتی جوتیــاری هەژار و خەڵکی نەداریان دەدا، ئەوە جگە لەوەی لەسەرتاسەری کوردستان ڕێکخستن و بارەگایـان هەبـوو، بارەگاکانیش هـی مـاڵی جوتیارەکان بـوو لە بارەگـای ناوەنـدەوە هەتـا دورتـرین شـوێن، بە پێتاك و زەکـات و یـارمەتی بەروبـوومی جوتیاران و هەندێ لایەنی چەپ، ئەرکەکانی ڕۆژانەیان رایی دەکرد.

دوای ئەوەی تەواوی زەویە زۆر و زەوەنـدەکانی گونـدە ئـازاد کراوەکـان کەوتە دەستی جووتیاران هەنـدێك لە جووتیـاران کـارو کـردەوە و ڕەفتارەکانیـان ئاغایـانە بـوو، ئەوانەی ملکەچیـان نەدەبـوون غـەدریـان لـێ دەکـردن بەردەوام جووتیــارە غـەدر لێکراوەکــانی لای ئەم و ئەو مــامەڵەی ناجۆریــان لەگەڵ دەکـردن دەهــاتنە لای ئـێمە گلەیـان لـێ دەکـردن، ئـێمەش زۆر بەهێمنـی و شـاراوەیی بەرەوپیـری گـرفتەکە دەڕۆیشـتین تاڕێگـا چـارەیەك بـدۆزینەوە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی زیاتر لە (ئاغاکان) دەستی بەسەر زەوی یە کشتوکاڵیەکان گرتبوو ئەم ڕەفتارە نامۆیەیەی ئەو کادرو جووتیارانە بووە هۆی ڕەنجان و دووکەوتنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران.

ئێمەش بەردەوام لە هەوڵی چارەسەری گرفت و کێشەکاندابووین. خەڵکی بـزوتنەوەکە زۆر پەیوەنـدیمان لەگەڵیــان بەهێزبــوو و بــۆ هەر مەســەلەیەك راوێژمان پێ دەکردن و ژیرانە مامەڵەیان دەکرد، ئاغاکان بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ناشیرین کردنی بزوتنەوەکەدابوون کەموو کوڕی و هەڵس و کەوتی خراپی ئەم و ئەویان وەکو فشارێك بەکاردێنا، تاڕادەیەك کاریگەریـان هەبـوو

لە بەرەبەیانی ۳۰/ ۸/ ۱۹۹۵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان شالاوێکی عەسکەری توند و تیژی هێنایە ســەر گوند و ســـاڵ و منداڵی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان لە ناوچەکانی قەڵادزێ و ڕانیە ، پەلاماردانەوە دەستی کرد بە گرتنی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرە چالاکەکانی جوتیارانی ئەو ناوچەیە ، جگە لەمەش چەند جوتیارێک بریندار بوون و دووانیش شەهید بوون ، لە شەهیدەکان ســەرکردەی ناوچەی [illegible] و جگە لەوانەی جوتیارانی هەوار (ماجیستا ئەمین) ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەکەمان لە ماڵی خۆی لە چوارقورنە دەگرن و دوای (۲٤) سەعات لە دەرکردنی بە شێوەیەکی دڕندانەو بە دەست و چاوبەستراوی بە دوای سەیارەیەکدا ڕایاندەکێشن و لەپاشا لەبەردەم چاوی ئاغاکانی پشدەر گوللە بارانی دەکەن و تەرمەکەشی لە چڵکاوەکانی تەنیشت قەڵادزێ فڕێ دەدەن .
ســـەرەڕای ئەمانەش کەوتنە جەردە کردن و تاڵانکردنی ماڵ و ســـامانی جوتیارانی گوندی ([illegible] و قەڵادزێ و چوارقورنە) بە تەنهـــا بەهۆی ماڵی شەهید ماجیستا ئەمین و حەمەحسێن برای کە پـــار بە دەستی ئاغاکان شەهید بوو .
لەو ســـاوە تا ئێستا (یەکێتی) لە شالاوی گرتن و یا لە پەستۆ و ڕاونانی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرەکانی و قەدەغە کردنی چالاکی سیاسی بزوتنەوەی جوتیاران بەردەوامە .
ئێمە ڕووی داوامــان دەکەینە ئێوەی بەڕێز کە ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتی جوتیارانن و ئێمەش بزوتنەوەیەکی سیاسی جوتیارانین ، لە خاڵی هاوبەشی جوتیاری دا یەکدەگرینەوە و هەر لـــەو ڕوانگەیەوە دەتوانن هەوڵ و کۆششی خۆتان بنوێنن و هەڵوێستێک نیشان بدەن بۆ بەرەڵدانی ئەو گیراوانە و ڕێگە نەدەن بە گێڕانەوەی ئاغاکانی پشدەر بۆ سەر زەمینی جوتیاران .
ئێوەش بە پاڵ پەستۆ و داوا کردن لەو برادەرانی یەکێتی کە لەو توند و تیژییە بان بەرەڵدانی گیراوەکـــان ئازاد بکەن و ڕێگە بە جوتیاران بدەن وەک هەقێکی مرۆڤانەی کوردایەتی و چینایەتـــی دیموکراسی و سیاسی و مافی مرۆڤ بۆ خۆیان بەهرەمەند بکەن .
ئەوەشماوە بڵێین ئەگەر ئێوە ئیمڕۆ لەو کێشەیەدا کە ڕووبەرووی جوتیارانی کوردستان بوەتەوە هەڵوێستێک نەنوێنن و نەختێنی لە قاڵبی حزبایەتی دەرنەچین و بەرگری لەو چینە هەژار و ستەمدیدەیە نەکەیـــن ئەی چـــۆن دەتوانین داوا و خواستەکانیـــان بەدی بهێنین ؟ .

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمـــان

بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان
۱۳/ ۱۰/ ۱۹۹۵

بەیاننامە

لەئاکامی شەڕی براکوژیی و گەڵاڵەکردنی ناوچەکانی کوردستان بەزەبری شەڕو عەسکەرتاریەت و پاوانکردنی کاری سیاسی و فراوانبوونی تیرۆرو تیرهابی فکری، چارەنووسی ئەم باروودۆخەو لەتاعی خوێن و خەبات و ترێسکی گەلەکەمان و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین کەوتوونەتە گەورەترین مەترسییەوە. ڕۆژ بەڕۆژیش کارەساتی تووڵترو کاری درندانەو تیرۆری هەمەجۆرو داهێنانی تازەی کوشتن و ترساندنی نوێ دێنە کایەوەو مافی مرۆڤ بەئاشکرا پێشێل دەکرێ و ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین دەخنکێنرێ.

لێدانی بزوتنەوەی جوتیاران و گرتنی ئەندامانی سەرکردایەتی و شەهیدکردنی مامۆستا ئەمین ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەکە بەشێوەیەکی درندانە لەلایەن یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانەوە دەسپێکی کارەساتێکی سیاسیەو لێدانی بەڕێز (محمد حلاق)و هەڤاڵەکانی لەپارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانیش تەپڵی خەتەرناکی شێواندنی یەکجارەکیەو هەنگاوی یەکەمە بۆ ئینتحاری شۆڕش و حکومەت و پەرلەمان و تسکۆی پڕکارەساتی سێ بەمی میللەتەکەمانی بەدواوەیە.

ئێمە ئەم تاوانی قەتل و عامەی هاوڕێی تێکۆشەرو ڕابەرێکی لاوی دڵسۆزی میللەتەکەمان (محمد حلاق)و ۱۱ هەڤاڵی دیکەی بەتوندی مەحکوم دەکەین و داوا لەڕۆشنبیران و دڵسۆزان و سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەین لەئاست ئەم تاوانە بێدەنگ نەبن و بەرەو دروستکردنی ڕای گشتی دژی براکوژیی و تیرهابی سیاسی و ئەو جۆرە کارانە هەنگاو بنێن.

نەمری بۆ شەهید محمد حلاق و مامۆستا ئەمین و
ریسوایی بۆ بکوژانی تاوانبار

بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان
سنووری بادینان
۱۹۹۵/۱۱/۸

یاداشتنامە

بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بەڕێزان مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ئێمەی هاوڵاتیانی دانیشتووی کوردستان لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، ئەندامانی بەرکردایەتی و کادیرانی (بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان) کە لە ١٩٩٥/٨/٢٠ تا ئێستا ١٩٩٥/١٢/٢٥ لای (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دیل کراون، ئازاد بکرێن و بەربدرێن.

گومانی تێدا نیە ئەو کارە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئازادی سیاسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسیدا یەک ناگرێتەوە، بەڕێزیشتان لەم ماوەیەدا ئەوەتان دووپات کردەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەوروپا پێڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت و ساڵی ١٩٩٦ دەکاتە ساڵی مافی مرۆڤ، بۆیە مانەوەی ئەو گیراوانە لای ئێوە پێچەوانەی بۆچوونەکانتان دەبێتەوە.

ئومێدەوارین بە دەنگ داواکانەوە بێن و مافی مرۆڤی کوردستانیش بەرز و پیرۆز رابگیرێت.

وێنەیەک بۆ:
- حزبە کوردستانییە بەڕێزەکان
- بارەگای (UN) لە کوردستان
- ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

لە ناوچەی ... سامانی ئەنوەر سلێمان دەست ...
لە ٤١٠ ناوی ... کاک عەلی عوسمان ...

٤١٠ ناو (لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی) لەسەری ئیمزا کردوو بۆ مام جەلال و یەکێتی و حزبە کوردستانییەکان و (UN) و مافی مرۆڤ نێردرا.

(٨٢)

هێرش بۆ سەر بزووتنەوەی جووتیاران
هێرشە بۆ سەر مافەکانی زەحمەتکێشان

لە هەموو جێگەیەک و هەرچرکەیەکدا کە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ماندووی کوشندە و بێبەشییەکانی شەڕی ناوخۆیین و مافە سەرەتاییەکانیان پێشێل و سنووردار دەکرێت جارێکی تریش ئازادی چالاکی سیاسی پێشێل دەکرێت و هێزە چەکدارەکانی (ی.ن.ک) شەوی ٣٠/٣١ / ٨/ ١٩٩٥ بۆ پشتیوانی لە دەرەبەگ کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە هێرش دەکەنە سەر (بزووتنەوەی جوتیاران) لە ناوچەی پشدەر و لەو هێرشەدا مامۆستا (ئەمین محمود) کە ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە بوو دەگرن و پاش ڕۆژێک لاشەکەی بەسردووی و ئەشکەنجەدراوی دەخەنە بەردەمی دەرەبەگە خوێنمژەکانی ناوچەکە. ئەم کردەوەیەی (ی.ن.ک) ڕاستەوخۆ لەخزمەتی بەرژەوەندی و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەشی دەرەبەگەکانی ناوچەکەیە.

سەرەڕای ئەوە کە بزووتنەوەی جوتیاران کەم و کوڕی و ناڕوونی خۆی هەیە بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا بە بزووتنەوەیەکی بەرحەق و ڕەوای دەزانین لەدژی زوڵم و زۆرداری دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکانە.

ئێمەی ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە پشتگیری خۆمان لەو بزووتنەوەیە دەردەبڕین و ئەو پەلامارە بەهەر بیانوویەکەوە بێت بە سەرکوتێکی بێ پەردەی ئازادی سیاسی دادەنێین لەبەر ئەوە خوازیارین :-

١- هەرچی زووترە دیل و دەستبەسەرا گیراوەکانیان ئازاد بکرێت.
٢- لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهاتوو لە نوێنەرانی بزووتنەوەکە و کەسایەتی یە ناسراوەکانی ناوچەکە و حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو کردەوە دژی ئازادی سیاسییە.
٣- بۆ چارەسەری کێشەی زەوی ئێمە خوازیاری جێبەجێ کردنی یاسایەکین لەبەرژەوەندی جوتیارانی هەژاری ناوچەکەدا.

یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیست ، کرێکارانی ئەنتەرناسیونالیست ، بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئازاد ، ڕێکخراوی بێکاران لەکوردستان ، گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ، کۆمیتەی بەرگری لە دەستکەوتەکانی جەماوەر ......

٥/ ٩/ ١٩٩٥

بزووتنەوەی هوشیارانی کوردستان
سکرتێریەتی گشتی

ژمارە/ [ ] ٢
ڕێکەوت/ ١٩٩٦/٣/١١

بۆ/ مەکتەبی مافی مرۆڤی (ی.ن.ک)
بابەت/ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین ..

سڵاوێکی گەرمی مرۆڤپەروەرانە ،
لە دوای ساڵوکردنمان لێتان لە (٧/ ٢/ ١٩٩٦) بە ئاگادارکردنەوەی مەکتەبەکەتان
لەم پێشێلکردنانە کە دەربارەی مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری کرا بە پێویستمان زانی مەسەلەی گیراوە سیاسییەکانی (بزووتنەوەی هوشیارانی کوردستان) تان پێ ڕابگەیەنین کە لە ڕۆژی (٢٠/ ٨/ ١٩٩٤) وە تاکو ئێستا کە نزیکەی (١٩) مانگ دەبێت تۆ (یەکێتی نیشتمانی) دەیان و زیندانی کراون بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێت ، کە ئەمەش پێشێلکردنێکی زەقی مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و ڕادەربڕینە .

ئومێدەوارین ئەم مەسەلەیە لەلای ئێوەو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان و دەرەوە ئاشکرا بێت و زیندانییەکان بە حوکمی (یەکێتی) ش گیراون ، بەڵگەی ئەوەیە ناو و ئەندامێتییان و هەمووشیان مرۆڤپەروەرانەمان بۆ ئازادکردنی ئەو (٦) زیندانییە سیاسییە کە لە خوارەوە ناوەکانیان دەنووسین پشتگیری بکەن .
لەگەڵ ڕێزی مرۆڤپەروەرانەمان .. سوپاسی بەڕێزتان دەکەین ..

ناوەکان	پلەکانیان
١. ووشیار حاجی وەسو	ئەندامی سەرکردایەتی
٢. مەولان محمد ئەحمەد	ئەندامی سەرکردایەتی
٣. سوارە بابەکر	ئەندامی سەرکردایەتی
٤. عمر محمد عثمان	کادر
٥. محمد امین عەبدوڵڵا	کادر
٦. عمر احمد حیدر	کادر

ناونیشانی ئاری
بزووتنەوەی هوشیارانی کورد
١٢/ ٣/ ١٩٩٦

ناوەندی گشتی

ژمارە / ٧
رێکەوت / ١٩٩٦/٩/١٢

بەڕێز / [illegible] هاوکاری [illegible] کوردستان

بابەت / [illegible]

[illegible]

[illegible]

ناوەکان

١- عوسمان حاجی مەحمود	ئەندامی سەرکردایەتی .
٢- [illegible] محمد شێخە	ئەندامی سەرکردایەتی .
٣- [illegible] بابەکر	ئەندامی سەرکردایەتی .
٤- عومەر محمد عوسمان	کادر .
٥- محمد امین [illegible] لا	کادر .
٦- عومەر احمد [illegible]	کادر .

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزماندا ...

ناوەندی گشتی
[illegible]
١٤/٩/١٩٩٦

(٩٠)

وتە بێژێك لە ناوەندی كاری بزوتنەوەی جوتیاران لێدوانێكی رۆژنامەگەری راگەیاند

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەشت مانگ بە سەر گیرانی (٦) لە ئەندامانی سەركردایەتی و كادیرانی بزوتنەوەی جوتیارانی كوردستان، لە لایەن یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە لە ١٩٩٥/٨/٣٠ ، بە هەوڵ و كۆششی دۆستان و خەمخۆران و حزبە كوردستانی یە بەڕێزەكان لە رۆژی شەممە رێكەوتی ١٩٩٦/٥/١٨ تێكرای گیراوە سیاسی یەكان ئازاد كران.

ئومێدەوارین ئەم هەنگاوە ببێتە دەستپێكی چارەسەركردنی تەواوی كێشەكانی نێوان هەردوولا.

كوردستان / هەولێر

١٩٩٦/٥/١٩

(٢٦

مذكرة

الى / جميع المنظمات لحقوق الانسان ،

/ الرأي العام السياسي الكردستاني .

بعد اعتقال (٦) من قيادي وكوادر حركة الفلاحين منذ ٣٠/٨/١٩٩٥ أثر هجوم مسلح عليهم للحركة ولمدة اكثر من ثمانية اشهر من قبل قوات (الاتحاد الوطني الكردستاني) اطلق سراحهم جميعها في ١٨/٥/١٩٩٦ واعتبرناها مبادرة ايجابية لتهدئة الوضع وتطبيعها، ولكن للاسف أبلغ السيد جلال الطالباني الامين العام لـ(أ.و.ك) اثناء جولته في مناطق (بشدر و رانية) بحضور خمسة من الاعضاء البارزين في (الأتحاد) في قرية (هه لنو) وبتاريخ ٢٠/٥/١٩٩٦ أكد تهديداته على النقاط التالية :

١- لا يمكن قبول العمل السياسي للحركة ، بل يجوز العمل كمنظمة مهنية فقط .

٢- عاملناكم بعطف اثناء الهجوم واذا لزم الامر سوف نكررها بلا رحمة ونخنقكم فردا فردا .

٣- امامكم السبل التالية فقط :

- ان تتركوا العمل السياسي وحياتكم مؤمنة في بيوتكم .
- او تلتحقون بصفوف الاتحاد الوطني والتي فيها منابر فلاحية كثيرة .
- او تعملون كمنظمة مهنية فلاحية وتدخلون الانتخابات الفلاحية .

وجدير بالذكر بان التقى السيد الطالباني في ١١/٧/١٩٩٦ مرة اخرى باعضاء القياديين المعتقلين سابقا في (قه لاچوالان) واكد التهديدات السابقة وبنفس اللهجة وبحضور (٨) من اعضاء القياديين البارزين العسكريين والسياسيين للاتحاد .

ونحن نعلمكم بان الحادث وبعد هذه التهديدات سوف يتحمل السيد جلال الطالباني بأي اذى او مكروه تصادف كوادر القياديين للحركة الفلاحية ونطالبكم بان ترفع اصواتكم عالية ضد هذه الخروقات الخطيرة والمنافية للحرية والديمقراطية ولائحة حقوق الانسان العالمي .

مع التقدير

حركة الفلاحين الكردستاني
١٩٩٦/٧/١٧

ملاحظة :

ملحق بها نسخة من مذكرة التي توجهت الى المنظمات الانسانية اثناء اعتقال المذكورين .

A memorandom

To all organizations of humman rights.
To all political parties in Kurdistan.

On 19 - 5- 1996, PUK released (6) members of Kurdistan peasants movement. When Mr. Jalal Talabany, the leader of PUK visited (peshder) the area in the north of Sulaimanea city, called them and (5) of PUK members were exist in the interview, told them these cases:-

1- is another time we hit you, we can kill your members one after one.
2- You must not work as a political organization.
3- You must follow these steps only:
 - You must be member og PUK, So we have many peasant works.
 - You must work as a vocational organization.
 - You must not work in political fields.

Another time, on 14 - 7- 1996, Mr. Jalal Talabany had called them to Kalachwallan (his main place) where (7) members of PUK were their.

In this interview Talabany stressed on the cases that discussed in the last interview with anew forces.

We announce you this problem, So is any member of our organization faced any problem, we make Mr. Talabany Responsibility of the case.

At last we call you to struggle against these violations of freedom, democracy and humman rights.

Notes:

When PUK presined some members of our organization, we give a memorandum to humman rights organizations.

Kurdistan peasants movement
17/7/1996

...زاری بۆ پیلانی تۆپبارانی بنەکانی دیموکرات

ئیمڕۆ باشووری کوردستان، گوایە ناوچەی ئارامە و لەلایەن بڕیاری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرووی هێڵی (٣٦) دەپارێزرێ. بەڵام لە زموونی ئەم چەند ساڵە پێچەوانەی ئەوەی نیشان دا کە لە راستی دا ناوچەی بە ئارامی بریس کراو و مراندنی گەرمەڵانی خەڵکی کوردستانە و مۆڵگەی ئە راکێنی دەزگا موخابەراتی یەکانی دەوڵەتە ئیقلیمی یەکان و جیهانە، گۆڕە پانی ململانێ و پێکدادانی داگیرکەرانی کوردستانە بە تایبەتی تورکیا و ئێران، کە هەرجارە بە بیانوویەک دێنە ناو سنووری کوردستانی عیراقەوە.

جێگای داخە لە ئەنجامی هەڵگەی گەورەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و شەڕی براکوژی و ئەشەل هێنانی پەرلەمانی حزبایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وا لە زموونە کە رۆژ بە رۆژ بە هەیا چوونەوە بەرەو هەڵدێرو لە دەست دان دەچێت.

هاتنی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە ١٩٩٦/٧/٢٨ و تۆپباران کردنی بنکە سەرەکی و ماڵە ئاوارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاگاداری حزبی دەسەڵاتداری ناوچەکە. هەروەکو بە یاننامەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات لە ٧/٢٨ دا هاتووە: «هێزێکی چەند هەزار کەسی سوپای پاسدارانی بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس، وەک تۆپخانە، کاتیوشاو تانکەوە لە سنووری مەریوان (پێنجوین) هاتە ناو خاکی کوردستانی عیراق و هەر لەو شەوە گەیشتە سلێمانی و لە (معسکر السلام) جێگیر بوو......» تاوانێکی مەزنە و هیچ پاساوێک ناگاتە رادەی ئەو مسارمە نیشتمانی یە کە چەند ساڵێکە دوژمنان نەخشەی بۆ دەکێشن کە کورد هەر خۆی خەریکی کوشتنی خۆی بێت.

ئێمە (بزووتنەوەی جوتیاران) ئەو کارە نامرۆڤانە و نایاسایی یەی رژێمی ئێران ریسوا دەکەین و ئۆبالی بەرەنلایی و سووک کردنی ریزی حکومەتی هەرێم و پێشێل سەروەری کوردستان لە هاتنی سوپای ئێران بۆ قوولایی نزیکەی (٢٥٠)کم لە ئەستۆی (UN) و حزبی حاکمی ناوچەکە دەزانین. پێویستە هەموو لایەک لەو جۆرە کارە نانیشتمانی یانە دوور بکەونەوە و سەروەری خاک و ئینسانی کورد لە هەر جێگایەک بێ بە هیچ نرخێک نەگۆڕنەوە.

تونا بێ دەسەڵاتی داگیرکەران

سەرکەوێ ئیرادەی نەتەوەی کورد لەهەموو پارچەکان

بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان

١٩٩٦/٧/٢٩

... ڕیزەکانم پڕ بوونەوە ...

جەماوەری جووتیار و زەحمەتکێشی کوردستان ... جووتیارانی کوردستانەوە

... هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکانی کوردستانەوە ...

... کادیران و ... دۆست و لایەنگرانی بزوتنەوەی جووتیارانی کوردستانەوە ...

ئێمە (دەستەی کادیران) وەکو لەپێشتر بە ئاگادارمان کردوونەتەوە کە بە ئەوەندی پێویست نەبین بە بەرنامەو ئەسڵێکی ... پەکەم با پێمان ئیداری کراوە دیسانەوە ... کە لە کۆنگرەی ... بە بڕیارەکانمان وبە و دەستورە ... دەکەینەوە کە ئێمە هەتا کۆتایی دەستەی کادیران دا دەست ئیشمان کردووە بەکێک لە ... هەر وەکو لە بەرنامە و دەستوری ئەوەیە کە ئینشقاق و تەکتول حەرام کراوە و هەرکەسێک کاری لەو بابەتە بکات جێگای لە ناو ڕیزەکانماندا نابێتەوە ... بەو بڕیارەوە پاککردنەوەی ڕیزەکانمان ڕۆژی لە ۱۹۹۵/۲/۳۰ لەو چەند ناوانیارەی کە دەیانویست بزوتنەوەکە بەلاڕێدا بەرن ..

بۆیە ئێمە دیسانەوە ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە ڕێگا بە هیچ کەسێک نادەین بەهەوی لەسەر حسابی خوێنی شەهیدان و ئارەقەی ناوچەوانی جووتیاران بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بەدەستەوە بدات ..

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ لەکاتێکدا ئێمە لە هەوڵی بڕینی سەختترین قۆناغی مێژووی بزوتنەوەکەماندا بین ... بەزیو لە مەیدانی خەباتی جووتیاران و زەحمەتکێشان با بەناوی بزوتنەوەکەمان پەیوەندی بە (پارتی) بەوە دەکەن لەکاتێکدا هیچ پەیوەندی یەکیان بە ئێمە وەنی بەوە هەیە ڕوەها .. چەند کەسێکی بە ژمارە لە پەنجەی دەست تێنەپەڕی و گوایە (پلینۆمی بزوتنەوەی جووتیارانیان) بەستووە بەیانێکیان بە ناوی (ناوەندی کار) دەرکردووە ..

ئێمە لەکاتێکدا سەرجەم جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان لەوە ئاگادار دەکەینەوە کە ئێمە لەسەروو ئەو برادەرانەوە کە ئەوکارەیان کردووە بڕیاری کارکردنمان [illegible] و [illegible] وەرگرتووە بۆ ڕاستی لەکاتیان دەتوانین بەڵگەی زیندوو [illegible] بدەین، وە [illegible] لە بڕیاری پێکهێنانی (دەستەی کادیران) دا هەموولایەکمان ئاگادار کردۆتەوە لە ڕێگەی بەیاننامە و [illegible] ئاگادار کراونەتەوە ..

بۆیە ئێمە داوا لە سەرجەم حزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەکەین ئەوەی مەبەستی خزمەتکردن بە بزوتنەوەی جووتیاران و [illegible] .. ئەوا با لە جووتیارانی [illegible]

[illegible]

وبڕیاری کۆنگرەش بپرسن کێ نوێنەری ڕاستەقینەیانە وساوەی (پێنج) سالێک کێ لەگەڵ ئێمەو ئازارەکانیاندا ژیاوە ..

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە ئاوا لەو برادەرانە دەکەین کە بە ئەرانی گەڕانەوەیان لە خزمەت دوژمنانی بزووتنەوەکەمان کە (ئەوروپیەکانن).

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە چاوەڕێین بەڵگەی ڕەتکردنەوە لەسەر گێڕەشێوێنی ئەوان لەبەردەستدا بە دیسانەوە با بێن عانیان بەعانی ئێمە کارەکانی چەتەکاری گەڕین لەبەکەیان ئەوانیش پێدەبین وئێمەش تا گرنگترین ... بزووتنەوەکەمان بەو برادەرانە وە بەهێز ... دەبین ئەوە لە ڕێگەی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان دا ..

لەگەڵدا ئێمە ئاوا دەبین بزووتنەوەکەمان بکەین بە قوربانی عەقڵیەتی هیچ کەسێکی هەڵپەرست ئەگەر لە نزیکترین کاتدا ئەو برادەرانە لەو بڕیارە پاشگەز نەبنەوە ئەوا ئێمە ناچار دەبین وەک چۆن بەڵگە خیانەتکاریەکانی خەڵکانی پێشوومان بە زۆری نیشان داوە ئەوا پەیام برادەرانمان دەڵێین چاوەڕوانی بڕیاری داهاتووی (دەستەی کادیران) بن ..

دووبارە ئاوا لەو برادەرانە دەکەین بە خۆیاندا بچنەوە لە پێناوی بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەکەمان لەو کارە جیهادییە و نیشتمانییەدا ..

- ئەمری وسەربەرزی بۆ شەهیدان ..

- یەکگرتوویێت ڕیزەکانی جوتیارانی کوردستان ..

بزووتنەوەی ... کوردستان ...

یاداشت

بۆ بەڕێز/ مەکتەبی سیاسی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم.....

بەداخەوە هەواڵی ئاڵۆزبوونی ناوچەی ڕانیەمان پێ گەیشت کە لە ئاکامی گرفتێک لە نێوان هێزێکی ئێوە و بزووتنەوەی جووتیاران هاتۆتە ئاراوە و خوێنیشی تێدا ڕژاوە. ئێمە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین و داواکارین کە ئەو جۆرە کێشە و ناکۆکییەکان لە ڕێگەی ئاسایی و بە شێوەی گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و پەنا بۆ چەک نەبردرێت چونکە لە بەرژەوەندی ئەزموون و چارەنووسی کێشەی گەلەکەمان دانیە.

بە مەبەستی ئاشبوونەوەی ئەو کێشەیە و چارەسەر کردنی داوا دەکەین کە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبێت و بە وردی لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە. هەروەها داواکارین کە نوێنەرانی حزبەکانمان لەو لێژنەیە دابن چونکە خۆمان بە خەمخۆر دەزانین و لە ڕاستیشدا دۆستی هەردوولایەنەکەین

کۆمیتەی ڕابەرایەتی

ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

حزبی رزگاری کوردستان

١٩٩٥/٩/٢

ڕۆژی ١٩٩٥/٩/٢، کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی ڕزگاری کوردستان بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی لەبارەگای مەکتەبی سیاسی، لە شاری هەولێر، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەست. کەلەدەسپێکدا بە خولەکێك وەستان بۆ ڕێز لێنان لەگیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان‌و سەرجەم شەهیدانی ڕاڵی چیایەتی دەستی پێکرد.

کۆبوونەوە کارەکانی خۆی بۆ سێ تەوەرەی هەنووکەیی تەرخان کرد، کە بریتی بوون لەبارودۆخی حزبی، کوردستان‌و، عێراق.

سەبارەت بەچۆنیەتی گەشەپێدانی حزب، بەتێکڕای دەنگ بڕیار وەرگیرا کە لەداهاتوویەکی نزیکی دیاریکراودا کۆنگرە ببەسترێت‌و، هەر لەئێستاوەش کاری بۆ بکرێت.

کۆبوونەوە ڕێککەوتنی (دبلن)ی بەئیجابی ڕخاندو دووپاتی پشتیوانی خۆی کردەوە، چونکە ئەو ڕێککەوتنە لە توانایدا هەیە شەڕی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك ـ یەکگرتوو) کۆتایی پێ بهێنێ‌و ئاشتی بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە، کە ئەمەش بوژاندنەوەی پارلەمان‌و حکومەتی هەرێمی بەدواوە دێت.

لەلایەکی دیکەوە کۆبوونەوە نیگەرانی خۆی دیارکرد بۆ هێرش‌و پەلامارەکانی PKK بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی PDK لەناوچەی بادینان، کەلەشەوی ٢٥ـ١٩٩٥/٨/٢٦، دەستی پێکردووەو ئائێستاش درێژەی هەیە ئەمەش شەڕێکی دیکەی کوردکوژی دەستی پێکردووە.. کۆبوونەوە بەتوندی شەڕی نێوەخۆ ڕیسواو مەحکوم دەکات‌و دژ بەبەرژەوەندی گەل‌و نیشتمان‌و لەعزەمی داگیرکەران لێکی دەداتەوەو هەڵپەسێنەر ئاوابار دەکات.

کۆبوونەوە نیگەرانی خۆی بۆ ئالۆزبوونی ناوچەی پشدەر دیار کرد کەبەهۆی گرتنی نێوان PUK و بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان سەری هەڵداوەو چەك بەکارهاتووەو خوێنیشی تێدا ڕژاوە. کۆبوونەوە داوا دەکات کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ورد بوونەوە لەکێشەکە پێك بێت‌و لەڕێگەی یاساییەوە چارەسەر بکرێت هەروەها پەنابردنە بەر چەك بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانی ناوەخۆ لەهەر بارێکدا ئاوابار کراوە.

هەروەها سەبارەت بەگۆڕانکاری‌و داهاتووی عێراق، کۆبوونەوە جەختی کرد کە بەر لەهەموو شتێ، دەبێ هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ریزەکانی خۆیان پتەوو بەهێز بکەن‌و، بەیەکگرتوویی بێنە مەیدان کەلەئاست داخوازی‌و وەڵامدانەوەی بارودۆخەکە بێت

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، بەسەریەکەوە شەش سەعاتی خایاندو ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆمیتەی ناوەندی
حزبی ڕزگاری کوردستان

کوردستان ـ هەولێر
١٩٩٥/٩/٣

پاداشت

بۆ بەڕێزانمام جەلال و کاک مەسعود

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە ...

هەروەك بەڕێزتان ئاگادارن، حزبەکانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵ و کۆششی ئینرخوازانەدا بوونە بۆ راگرتنی شەڕی نێوەخۆو چەسپاندنی ئاشتی یەکجارەکی، چونکە شەڕ شیرازەی ژیانی گشتی شێواندووەو چارەنووسی کێشەی گەلەکەمانی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی نادیار .... بەلام خۆشبەختانە دراجار گەیشتینە (هدنە) ... هەرچەندە ئەم شێوەئاگربرە جێگەی نیگەرانی جەماوەری گەلەکەمانەو داهاتووی نادیارو لێڵە، ئێمە لە کاتێکدا خۆشحالی خۆمان بۆ ئەم هودنەیە دەردەبڕین و لە هەمان کاتدا هیواداریین ببێتە سەرەتای ڕێککەوتن و چەسپاندنی ئاشتی و راگرتنی شەڕی نێوەخۆیی.

بۆیە داواکارین هەر لە ئێستاوە لێبڕاوانە بکەونە دانووستاندن و گفتوگۆ تا کۆتایی هودنەکە بە ڕێککەوتن و چەسپاندنی ئاشتی بە ئاکام بگات.

هەموو لایەك دەزانین کە وەزعی بژێوی خەڵك یەکجار خراپەو، ئەوا بۆ پێنج مانگ دەچێت کە مووچەی فەرمانبەرو کارمەندان نەدراوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین بەر لە جەژن مووچەکان بدرێت، چونکە ئەمە دووەمین جەژنە جەماوەری کوردستان بە بێ خۆراکی و بێ مووچەیی و دڵەڕاوکێیی بەسەر دەبەن. هەروەها داواتان لێ دەکەین کە بە هەموو شێوەیەك ڕێگە لە هەڵایسانەوەی شەڕ بگیرێت تاوەکو بەروبوومی دانەوێڵەی ئەمساڵمان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بێتە بەرهەم و وەزعی دروێنە بە ئارامی تەواو بکرێت، چونکە بەروبوومی دانەوێڵە تەنها موڵکی جوتیار گوندنشینەکان نییە بەڵکو سەروەری و سامانی گەل و نیشتمانەو بژێور ئاسوودە داهاتووی جەماوەری پێوە بەندە.

- بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان
- بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردی فەیلی
- ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان
- کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد
- حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی
- حزب الاتحاد الترکمانی / العراق
- حزب الاخاء الترکمانی / العراق
- حزبی رزگاری کوردستان

١٩٩٥/٥/٣

یاداشت

بەڕێز : مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوای سڵاوێکی گەرم

بەڕێزان بەگوێرەی بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەلایەن (ی . ن . ک) ڕێگای بلاوکردنەوەی بەرنامەکانی لێگیراوە .

بەرای ئێمە ئەمە دژی دیموکراسیو ئازادیو ڕاگەیاندنەو خزمەتی جوڵانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستاندا ناکات .

لەسەر ئەو بنچینەیە داواتان لێدەکەین کەهەرچی زووە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێت .

١٩٩٥/٣/٢

١ ـ بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان / عیراق
٢ ـ پارتی پارێزکارانی کوردستان
٣ ـ بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
٤ ـ حزبی شیوعی کوردستان ـ عیراق
٥ ـ پارتی سوسیالیستی کوردستان
٦ ـ ڕیکخراوی کاوە ـ کوردستان
٧ ـ ڕیکخراوی تیکوشانی ڕەنجدەرانی کوردستان
٨ ـ حزبی زەحمەتکیشانی کوردستان
٩ ـ بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان
١٠ ـ بزوتنەوەی موسلمانانی کورد فەیلی
١١ ـ پارتی کاری سەربەخوبی کوردستان
١٢ ـ کومەلەی نەتەوەیی کورد
١٣ ـ حزبی دیموکراتی بیت نەهرین
١٤ ـ یەکیتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
١٥ ـ یەککرتووی ئیسلامی کوردستان
١٦ ـ پارتی (یەکبوون) گەلی کوردستان (یەکبوون)
١٧ ـ حزب الوحدە الدیموقراطی الکوردی فی سوریا (یەکیتی)
١٨ ـ حزبی ڕزگاری کوردستان
١٩ ـ پارتی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان
٢٠ ـ پارتی کریکارانی کوردستان

با شالاوی تیرۆر لە کوردستان ڕابگیرێت!

بەپێی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێکەوتی ١٩٩٦/٣/١٨دا هاتووە: ڕۆژی یەک شەممە ١٩٩٦/٣/١٧ لە ئۆردوگای بەحرکە نزیک شاری هەولێر ژمارەیەک لە ئەندامو لایەنگرانی حزب، دەکاتی یاری تۆپێن لەلایەن چەند چەکدارێکی بەکرێ گیراوی کۆماری ئیسلامی ئێران دراونەتە بەر دەستڕێژ لە ئەنجامدا ٤ کەس شەهید دەبنو حەوتیش بریندار دەبن.

ئێمە لە کاتێکدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی حزبی دێموکراتو بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەینو هیوای چاک بوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، وەک کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێریش سەربرای ناڕەزای توندی خۆمان بەرامبەر ئەم تاوانەو ئەو شالاوە تیرۆریەی کە ماوەیەکە لە کوردستان پیادە دەکرێ دژ بە برا کوردەکانی ئێران، نیگەرانی پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی کوردستانو، پەناهەندە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش دەخەینە ئەستۆی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو، لەلای خۆشمانەوە زیاد بوونی دیاردەی تیرۆر بە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆ دەزانین بۆیە داواکارین هەرچی زووە ئاشتی بەرقەرار بێ، حکومەتی هەرێمیش گیانی بکرێتەوە بەرو، تاوانباران بدرێنە دادگای ئاشکرا، تاکو ڕێگا لە پاندە تیرۆریستو بەکرێ گیراوەکانی داگیرکەرانی کوردستان بگیرێتو، چیتر خەڵکی کوردستان بەگشتیو پەناهەندە سیاسیەکان بەتایبەتی، نەبنە قوربانی سیاسەتی سازشکارانە لە کوردستان.

لێرەدا، لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو ڕووی داوە، خۆشبەختانەش تاوانکاران بەپێی ڕاگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەستگیرکراون، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرپرسی دادگایی کردنی ئەم تاوانبارانە دەزانینو، جەخت لەسەر دادگاییو بەسزا گەیاندنی تاوانباران دەکەینەوە.

لەکۆتاییشدا داوا لە هەموو حزبو ڕێکخراوە سیاسیو پیشەییەکانو سەرجەم چەماوەری مرۆڤ پەروەرو ئازادیخوازی کوردستان دەکەین کە هەڵوێستی جوامێرانەی خۆیان بنوێننو، ئەم جۆرە تاوانانە ڕیسواو مەحکوم بکەنو ڕێگا لە دووبارە بوونەوەی بگرن.

* نەفرەت لە تیرۆرو تیرۆریستان
* سەرکەوتن خواستی گەلەکەمان لەپێناو دیموکراتیو مافی مرۆڤ

کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر
١٩٩٦/٣/٢٢

پەلاماری بزوتنەوەی جووتیاران لە ناوچەی پشدەر پێشێلی
سەرەتایی ترین مافی مرۆڤە

چەند رۆژێك بەر لە ئێستا هێزێكی لە دوو و دە هێنراوی پەكێتی نیشتمانی بە دوور لە ویست و ئارەزوی خەڵكی ناوچەی پشدەر تەنانەت بە دوور لە ویست و ئارەزووی زۆر پێشمەرگە و ئەندامی دڵسۆزی پەكێتیش هێرشێكی لە ناكاویان كردە سەر بزوتنەوەی جووتیاران لە پشدەر و زۆربەی سەركردەكان و ئەندامە چالاكەكانیان دەستگیر دەكەن و دەست بەسەر چەك و تفاق و زەخیرەیان دا دەگرن. هەر لەو نیوەشدا پێكدادان روو دەدات و چەند كەس دەكوژرێ یا بریندار دەكرێ.


ئێمەی پێشمەرگەی كۆن و ئەنفالە بەدناوەكان وە بیر جەماوەری زوڵم لێكراوی كوردستان دێنینەوە، هێشتا بەسەر ئەو وەعدە و پەیمانەدا تێنەپەریوە كە سەرانی ئەم هێرشكەر و پەلامارەرانە ئەیان دا، لەك هەر (ی.ن.ك) كام حیزب و لایەن هەیە ئیدیعای ئازادی سیاسی و رزگاری جوتیار و دژایەتی ئاغای ئەكرد، بێ دیارە ئەو دەعایە و بروپاگەندانە زۆربەی بۆ دەسەڵات و دەستكەوتی تایبەتی خۆیان بوو.

بزوتنەوەی جوتیاران هەر چۆنێك بووبێت ئەڵقەیەكی پرشنگداری بزوتنەوە ئازادیخواز و پێشكەوتنخوازەكانی ئەمڕۆی كوردستانە، ئەبێ مرۆڤ چی بێت لەلایەكەوە ئاغایانی سەرسنوور و بەكرێ گیراو دەهێنرێنەوە و هەوڵی دابین كردنی سەلامەتی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەدرێ.

لەلایەكی تریشەوە دەوری ئەندامانی چالاكی بزوتنەوەی جووتیاران دەدرێت و زیاتر لە (١٠) كەسیان دەگیرێت و سەركردەكانیان دەكوژرێت دەست بەسەر مەڕ و بارەگاكانیان دا دەگیرێت.

ئێمە خەڵكی بەشەرەف و شۆڕشگێری كوردستان ئاگادار دەكەینەوە كە چیتر ئەم زۆرداریانە قبوڵ نەكەن، پشتیوانی ئازادیەتی ئێمە و بزوتنەوەی جوتیاران بكەن ئاخر خوێنی پێشمەرگە سەربازێكی عێراقی دەم و دەست بەستراو نیە، هەرتاوە تاوە شەڕی عێراق ـ ئێران و شەڕی كوێت و شەڕی خەڵكی كوردستانی پێ بكرێ ...

دەستەیەك پێشمەرگەی
ئەنفال
٣/٩/١٩٩٥


کۆمیتەی ناوەندی
حزبی شیوعی کوردستان - عێراق
اللجنة المركزية
للحزب الشيوعي الكردستاني العراق

کۆمیتەی ناوەندی
حزبی شیوعی کوردستان - عیراق

اللجنة المركزية
للحزب الشيوعي الكردستاني- العراق
...NTRAL COMMITTEE OF THE K.C.P-IRAQ

ژمارە
مێژوو ١٩٩ /

- 2 -

بژاردنەوەی ئەو زیانانەی لەجوتیارەکانی دیکە کەوتوەو ئازادکردنی گیراوەکان .
2- پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەنوێنەرانی هەموو حزبەکان و ئەنجومەنی وەزارەتی کشتوکاڵ و ڕێکخراوە جوتیاریەکان بو لێکۆڵینەوەی کێشەی جوتیارانی ئەو ناوچانەو دانانی چارەسەری بابەتیانە بویان کە ماڵی جوتیاران بەپێی یاسای ژمارە (90)ی ساڵی 1975 دیاری بکات و سنووریك بو دەستدرێژی دەرەبەگەکان دابنێ .
3- بڕیاریك دەربکری بو ڕێگادان بە جوتیارەکان کە بتوانن بگەڕێنەوە بو دێهاتەکانی خویان و لەهەموو ڕوویەکەوە یارمەتیان بدرێت بو ئەوەی بتوانن زەوی و زارەکانیان بچێنن و بەرهەمی بێنن ، ئەمەش خزمەتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانی تیدایە .

لەگەڵ ڕێزمانـــــدا ..

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان ـ عیراق
1995 / 9 / 1

وێنەیەك بو /
ـ حزبە کوردستانیەکان

شەشەمین ساڵیادی شەهید کردنی. شەهید مامۆستا ئەمین

درەنگە، سەرەتای سەفەری درێژە
جووتیاران چاوەڕێن
بارانی ئەوینیان بۆ بڕێژە
سەفەرە ڕێ دوورە
مەرگو مردنمان لەبەرە
کاروان بێ پەروا ڕێ دەبڕێ
مەترسی خەنجەرە
بە خەنجەر پشتی براتان، ماوچین‌و هاوژانتان دەشکێنن
نەتەوەی کەوەکان
دەوڵەتی داهاتووش بۆ حەزی ناحەزتان
بە خەنجەر دەڕمێنن!!

* * *

ژیاننامەی شەهیدی قارەمان‌و سەرکردە شەهید مامۆستا ئەمین

ئامادە بووانی بەڕێز.. ماتەم گێڕانی خۆشەویست: وەك دەبینن وا ئەمڕۆ هەموومان پێکەوە لە حزووری گیانی بەرزە فڕی ڕۆڵەیەکی ئەمەکدارو هەڵگری ڕەسازی چینایەتی‌و نیشتمانی‌و کەسایەتییەکی بە هەق شۆڕشگێڕدا دانیشتووین‌و دەمانەوێ یادێکی بەکێڕی بکەینەوەو تیشکێك بخەینە سەر ڕەوتی ژیان‌و خەباتی ئەو کەڵە مرۆڤەی کە بە ڕاستی (کەم ژیاو کەڵ ژیا)، تێکڕای ژیانیشی بۆ بەرگری لە خاك‌و دادپەروەری‌و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان تەرخانکردو هەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەش گەیشتە کاروانی نەمران.

خۆشەویستان: دەبا هەموومان پێکەوە بە خەیاڵ بگەڕێینەوە سەردەمانی زوو، ئەو کاتەی کە هێشتا ڕژێمی پاشایەتی جڵەوی حوکمڕانی لە کوردستان‌و عێراقدا لە دەست دابوو، سیستەمی دەرەبەگایەتی‌و بەرداشی چەوساندنەوەی چینایەتی لەلایەن ئاغاو شێخ‌و بەگو نۆکەرە ئەڵقە لەگوێکانی کۆلۆنیالیستی بەریتانییەوە لەوپەڕی بەهێزیدا بوون‌و چین‌و توێژە هەژارو نەدارەکانی شارو گوندەکانیان دەهاڕی.

1

ئەوکاتەی کە پشدەر لەلایەن کۆمەڵێك ئاغاو شێخو دەرەبەگەوە بووبووە ئۆزەخێکی ترسناك بۆ جووتیاران و گوندنشینان، کۆیلەئاسا بە ناچاری دەژیان، ژیانێك کە ڕۆژانە تاڵاوی مەرگیان بە گەرووا دەکرا و ئۆزقاڵێك ئاسوودەیی تیا نەمابوو، تەنها ترووسکەیەك کە لە ئاسۆوە بەدی دەکرا بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەی شیوعییەکان بوو کە ئەو کاتە ڕژێمی پاشایەتی سەرسام و هەراسان کردبوو و چرائاسا شەوە تاریك و ئەنگوستە چاوەکانی ژیانی جووتیارانی ڕۆشن دەکردەوەو وورەی ململانێ و بەرخۆدان و مانەوەی پێ دەبەخشین.. ئاوەها سانەوەختەداو ڕێك لە ساڵی (١٩٥٥) لە گوندی (کێلەسپی) بناری ئاسۆسی پشدەر، ئەو گوندەی کە هەمیشە گیانی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی تێدا گەشاوەتەوەو هەردەم ئاسۆس ئاسا سەرکەشانە بەڕووی جەوورستەمی ئاغایەتیدا وەستاوەتەوەو مانای خۆ بەدەستەوەدانی نەزانیوە، تا لەو گوندەدا ماڵە جووتیارێکی دەست و پێ قڵیشاوی سەربڵند، منداڵێکی جووتیاری کورد چاوی بەو سروشتە بێگەردە هەڵهێناو لەگەڵ یەکەم زریکەیدا کرێوەی خەمی بەسەر دەروونی دڕندانەی دەرەبەگەکاندا داباراندو بە خۆیان گوت: دڕکێکی ترمان بۆ زیاد بوو.. !! خانەوادەکەی ناویان نا (ئەمین).

مەحمود حاجی حەمەڕەشی باوکی بە لەدایکبوونی ئەو کوڕەی پشت و پەنایەکی تری بۆ زیاد بوو و کەڵە قارەمانێکی دیکەی بۆ ئایندەی خەباتی جووتیاری وەدەستهێنا، چونکە ئەو تەنها خۆی دەیزانی بە چ جۆرێك ڕۆڵەکانی گوش و پەروەردە دەکردو چۆنیشی رادەهێنان و فێری وانەی خۆڕاگری و گیانقایمی و سەنگەر گرتنی دەکردن.

بەڵێ (ئەمین)ی منداڵ لە ئامێزی خێزانێکی جووتیارو نیشتمان پەروەرو شیوعی ئەشونمای کردو لەناو کێشەو ململانێ چینایەتییەکاندا لە بەرامبەر ئاغاو کۆنەپەرستانی ناوچەکە، ساڵ لە دوای ساڵ گەورەتر دەبوو ئاستی بیر کردنەوەی فراوانتر دەبوو، تا لە تەمەنی (٦) ساڵی دەینێرنە قوتابخانەو پاشان پەیمانگای مامۆستایان تەواو دەکات، لە ساڵی (١٩٦١) کاتێك سوپای دەرەبەگە خوێنڕێژەکان پەلاماری ناوچەی پشدەریاندا گوندی (کێلەسپی) لەسەر دەستی (مەحمودی حاجی حەمەڕەشی) باوکی مامۆستا ئەمین، گەورەترین داستانی سەروەری و نەمری تۆمار کرد. لە کۆتایی شەستەکان مامۆستا ئەمین پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق و لە ساڵی (١٩٧٢) لە گوندەکانی پشدەرو بتوێندا دەبێتە مامۆستاو منداڵە هەژارو نەدارەکانی جووتیاران فێری خوێندەواری و گیانی شۆڕشگێری دەکات. لەساڵی (١٩٨٢) لە

چوارقوڕنە ژیانی بەرچاو دەکەوێ لە خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی کردنی جەماوەری ڕاپەڕیوی
لەگەڵین

لە ساڵی (١٩٨٥) پاش ئەوەی ڕازی نابێت شیعری سەرۆ بۆ ڕژێمە شۆڤێنیەکەی بەعسا بکات لە مامۆستایی دەری دەکەن و بە ناچاری ڕوو دەکاتە شیناوی کردن و ڕاوەماسی بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵەکەی پەیدا بکات و مل بۆ ئەم ڕژێمە فاشستە شۆڕ ناکات.

لە شەوی (٣/و-١٠-١٩٨٦)، لەلایەن سیخوڕەکانی بەعسەوە بەشەو مامۆستا ئەمین دەستگیر دەکرێ بەرێ دەکرێ بۆ (منظومة شمال) لە هەولێر، هەتا (٢٠/١١/١٩٨٩) لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری بەعسیەکاندا دەبێت و هەروا چەند کاسە لێسێك ڕووبەڕوو پاکانەیان (اعتراف) لەسەر کردو کە (شیوعی)یە، بەڵام مامۆستا ئەمین قارەمانانە بەرگری کردو تاکە نهێنییەکی حزبی نەدرکاند لە (٢١/١١/١٩٨٩) بەرەو ئیستخباراتی عامی بەغدا بەڕێی دەکەن لەوێش ئەشکەنجەو ئازاری نەفسی دەروونی و جەستەیی دەدەن بەبێ ئەوەی (اعتراف) بکات، تا لەگەڵ کۆمەڵێك بەندی تر ڕووەو نووی (ژمارە(١))یان بەرێ دەکەن بەرەو (ئەبو غریب)، هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا دەگیرێن ئازاد دەکرێن تەنیا مامۆستا ئەمین و زیندانییەکی تر نەبێت لە ڕێکەوتی (١/٩/١٩٩٠) لە دادگای بەناو شۆڕش دادگایی دەکرێت پاشان دەیگەڕێننەوە ژێر ئەشکەنجەو ئازار تا لە (٢٠/٩/١٩٩٠) جارێکی تر دەیبرێتەوە دادگا پاش ئەوەی (اعتراف) ناکات ئازاد دەکرێ.

مامۆستا ئەمین پاش ئازاد کردنیشی درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات و لە یەکێ لە کۆبوونەوە حزبییەکان دوای ڕاپەڕینەکە دەڵێ (ڕاستە شایەت هەبوو بەسەرمەوە لەلایەن نزیکترین کەسەوە کە کاری حزبیمان دەکرد، بەڵام من لەبەردەم جەلادەکان چۆکم دانەدا، بەڵکو چۆکم بەوانە دادا کە خیانەت کارو تەشی ڕێس و گوێ لەمستی دوژمنانن. ئێستاش داوا لە حزب دەکەم لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر ئەم مەسەلەیە، نابێ و ناکرێ خۆفرۆشان لە ڕیزەکانی حزبدا بمێننەوە).

هەروا زۆر جار دەیگێڕایەوەو دیگوت: هەرگیز دوژمن ناتوانێ زەفەرت پێ بەرێ، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ خەڵکی نەفس نزم و ترسنۆک و هەلپەرست دەبەن تا لەناوەوە پەی بە حزب بەرن و لاوازی بکەن و تووشی سەرئێشەی بکەن، هەربۆیەش حزب لەسەر دەستی ئەو جۆرە کەسانە زەرەرو زیانی زۆری پێگەیشت.

گەلێك جاران بە حەماس و هەڵچوونەوە دەیگوت: شیوعییەت لەناو خوێنمدا تواوەتەوەو بە **دەمارەکانمدا هاتوچۆ** دەکات ناتوانم دەست بەرداری بم!

مامۆستا ئەمین لە ڕاپەڕینی ئاغاکانی ساڵی (١٩٩١) ڕۆڵی بەرچاوی بینی گیرا وەك کادرێکی بە ئەزموون و خاوەن ڕەفتاری ئاوا بە شدارییەکی چالاکانەی کرد لە ڕێکخستن کردنی بەشەکان پاش ڕاپەڕینەکەش کە میحوەری (پشدەر - بتوێن) دروستکرا، بووە شەنوانی سەرکردایەتی ئەم دەڤەرە. هەر کە بینی ئاغا خوێن ڕێژەکان کە لە سەردەمی بەعسدا نۆکەرو کاسەلێس بوون و جووتیاران دەچەوسێننەوەو پاش ڕاپەڕینیش درێژە بەهەمان ئازارکاری دەدەن دژی جووتیاران، پاڵەوانانە لەگەڵ (حەمەرەشی برای) دەچنە ناو ململانێ و کێشەکان و ئازایانەو جوامێرانە دژی ئاغاکان پشتیوانی لە جووتیاران دەکەن.

کاتێکیش لە (٥/٤/١٩٩٢) لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران ڕادەگەیەنرێت بە ڕەسمی مامۆستا ئەمین و حەمەرەشی برای دەسپێشخەری دروست کردنی ئەم لیژنەیە بوون، کە لە نوێنەرانی جیاجیای گوندو ناوچەکان پێکهاتبوو، ئەم هەڵوێستەشیان لەوەوە هاتبوو کە دەیانگووت (ڕاپەڕینی ڕەمەکی جووتیاران دەرئەنجامی باشی نابێت، بەڵکو زۆر جاران بەزیان بۆ جووتیاران دەشکێتەوە، بۆیە باوەڕیان وابوو دەبێت جووتیاران ڕێك بخرێن تا بەبەرنامە بۆ ئامانجەکانیان ئاراستە بکرێن دژی زوڵم و ستەمی چینایەتی کە بە دەستی ئاغاکان دووچاریان دەبێتەوە). کاتێك (لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران) ڕاگەیەنرا جووتیاران لە هەموو گوندەکان بە کۆمەڵ پەیوەندییان کرد بەم لیژنەیە، ئەم لیژنەیە لە ماوەیەکی کەمدا توانی نوێنەرایەتی گشت جووتیارانی دەڤەرەکەیان و ڕاستەوخۆش چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکات کە حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەزگا ڕەسمییەکان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەستەپاچە بوون.

کاتێك لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران و ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران بڕیاری جەولەیەکیان دا بۆ گوندەکانی دەڤەری پشدەر لەسەر داوای (قائیمقامی) ئەوکاتە بۆ بەسەر کردنەوەی جووتیاران و چارەسەری کێشەکانیان، لە پشتەوە پیلانێکی ژەهراوی دانرابوو لە درێژەی سەفەرەکەیان لە (٢٠/١٢/١٩٩٢) دەکەونە کەمینی نامەردانەی ئاغاکان کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە بۆسەدا بوون (حەمەرەش)ی برای مامۆستا ئەمین و چوار جووتیار شەهید دەبن و دەگەنە کاروانی نەمران. پاش شەهید بوونی حەمەرەش و هاوڕێکانی، (مامۆستا ئەمین) نەك هەر **چاوترساونابێ** بەڵکو زۆر گەرموگوڕتر دێتە مەیدان بۆ پڕکردنەوەی **ئەو بۆشاییەی کە بە شەهید بوونی** حەمەرەش دروست دەبێت، کاتێکیش سەرقاڵی **کاری جووتیاری دەبێت مامۆستا ئەمین لە** (١/١١/١٩٩٤) لە نزیك گریداخ هێرشێکی نامەردانەی **ئاغاکان تێك دەشکێنێ کە بە هێزێکی**

٤

بووەوە پەلاماری شاری قەلادزێ دەدەن،بە داخەوە مامۆستا ئەمین بە ...
ڕزگاری ئامۆزاکەی شەهید دەبێ بەمە ئەخشەو پیلانی ئاغاکان تێك دەشكێنن كە مەبەستیان بوو
بارەگای جووتیاران داگیر بکەن و سەرکردەکانیشی شەهید بکەن.

مامۆستا ئەمین هەمیشە جەختی لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی (لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران) دەکردەوە بۆ ئاستی ڕێکخراوەیەکی شایستەی خاوەن دیسپلین، هەروەك چۆن سەرەتا پەرەی بڵاوی جووتیارانیان لە (لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران) ڕێکخست بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕێیانی مامۆستا ئەمین گرنگی گەشەپێدانی ڕێکخراوەکەیان بۆ ئاستێکی بالاتر خستەروو ئەوەبوو بڕیاری کۆنفرانسێکی فراوانیان دا، پاشان لە ڕێکەوتی ۱۹۹۵/۱/۲۹) ئەم کۆنفرانسە لە گوندی گەرمکان بەسترا بە بەشداری نوێنەری (حزبی شیوعی کوردستان) کە تاکە نوێنەرێك بوو، هیچ حزبێك بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگهێشت نەکرابوو، لەم کۆنفرانسە مامۆستا ئەمین بە زۆرینەی (دەنگ) دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیش بۆ دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێردرێ و بەناوی (هەژار پشدەری) نووسین و وتار و هەواڵی جووتیاری لە ڕۆژنامەی (پاڵە) بڵاودەکاتەوە.

لیژنەی سەرپەرشتی جووتیاران لەو کۆنفرانسەدا دەبێتە (بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان) کاتێك بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان پەلوپۆ دەهاوێتە گشت شوێنەکانی کوردستان و دەبێتە بزووتنەوەیەکی چالاکی کاریگەر ناتوانرێ حسابی بۆ نەکرێ، حزبەکان لە ڕێگەی کەسانی هەلپەرستی ناو بزووتنەوەکە دەیانەوێت بزووتنەوەکە بکەنە پاشکۆی خۆیان، مامۆستا ئەمین بە توندی دژی ئەو کەسانە دەوەستێتەوە و دەیەوێت ڕیزەکانی بزووتنەوەکە بە تۆکمەیی بهێڵێتەوە و لەگەڵ مانەوەی سەربەخۆیی بزووتنەوەکە دەبێت، **دژی هەموو** دەستەبەندی و تاقمگەرێتی دەوەستێتەوە کە دەیانەوێت **بزووتنەوەکە تەسلیمی ئەملاوئەولا بکەن و بە توندی بەرەنگاریان دەبێتەوە.**

مامۆستا ئەمین لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێ (ش) دەڵێت: «هاوڕێ گیان.. خۆشەویسترین کەس و خزم و برادەرانی من پێش هەمووکەس هاوڕێیانن بە تایبەت جەنابت وا بۆ مەسەلەکە دەچیت کە کار کردنم لە جووتیاراندا ڕەنگە دوور کەوتنەوە بێت لە شوعیەت و شیوعییەکان، حەز دەکەم ڕوون بێت لای بەڕێزتان کە ئەمن تا ئەوکاتەی لە ڕیزی جووتیاراندا هەم کە جووتیاران لەیەک ئەنگەری چینایەتی دابنرێت لەگەڵ شیوعیەت تا ئەوکاتەی بتوانم ... باوەڕەکەی خۆم

- ٥ -

ژمارە: ٢٠١٠٢
بەروار: ٣ / ٩ / ١٩٩١

بەرەی کوردستانی عێراق
ئەرکگێڕی سەرکردایەتی سیاسی
دەسەڵاتی حاکم
[redacted]QI KURDISTAN FRONT
political Leadership
acting Body

بۆ بەڕێز: کۆمیتەی بەرەی کوردستانی [redacted]

سڵاوی گەرم.

دەربارەی کێشەی نێوان ئیبراهیم ئاغا و جوتیارەکان کە بە نووسراوی ژمارە ٢٢٢ بەرواری ١٩٩١/٩/٣ ئاراستەتان کردووە. بەجێ ئەهێڵین فایلەکە. ئەوراقەکە. ئەوە لیا نێکە. تحقیقیاتتان نێرا کردی. وەک بلێن لە لوحای خۆتان ئەگەر دەبینەوە. بەبێ دەسەڵاتانە. هەروەها نێوە پەیوەندیتان بە کۆمیتەی بەرەی کوردستانی هەولێرەوە هەیە. ئەگەر بێتە. بۆچی ناردتان کاغەزی زاتان دەگەڕێنەوە کە هەر کێشەیەکی بەرز دەکەنەوە. دەبێ ڕای خۆتان دەربڕن و لە ڕێی کۆمیتەی هەولێرەوە بینێرن. هیوادارین چی تر ئەم ڕێیە فەوزایی ڕەوا نەبێ. بەکەم لەهەموو شتەکان و شتە کارێکە تحقیق بکەن و ڕای خۆتان بەجۆرێکی نووسین. بەبێ ترس لەم و لەوە ئەنجا ئەوراق بەرز بکەنەوە.

قادر جباری
کارگێڕی بەرپرسی حاکم



PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
BUREAU OF ORGANIZATION
CENTRAL ORGANIZATION 6th RAPERIN

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕێکخستن
مەڵبەندی ڕێکخستنی (٦)ی ڕاپەڕین


ژمارە/ ت
ڕۆژ/ ١٤/١١/١٩٩٨

برای بەڕێز کاک شەپۆل

سڵاو و ڕێزی گەرم
خۆشییان ئاوات منە
هیوادارم سەلامەت بێ.
نامەکەت بە دەستم گەیشت دەربارەی (ابراهیم محمد بوتلو ئالو) برادەرای
سرووکەی لەسەر دیارە .. دوێنێ گیراوە ئەگەر
یان جاوەڕوان بکەین تا کەی خەکەوە .. لە دەزگا خۆمان
نامەکەی بێنن و پێمان بڵێن بزانین ئەوەر بۆ پیا سبە زۆر ئەم
لەسەر حاب جنایی نامەکەی .. بەردەمیان ئەم جنایان
ئەکەین .

هەر سەرکەوتوو بن

برای دڵسۆزت
مەلا ناچاو(؟)



ژمارە / ...
بەروار / ٢٧/٥/٨٧

لیژنەی چارەسەری کوردی
...
پشدەر

بۆ / هاوڵاتیان
بکر عمر بابکر
محمد بابکر محمود
لە / بایەندیوی

ئاگادارتان دەکەین کە ئەو زەویانەی [illegible]
[illegible] دانراوە بە دەوروو بەریدا دە
[illegible] دانراوە ئاگاداری [illegible]
[illegible] هەڵگیران [illegible]
[illegible] . بۆیە ئاگادارتان دەکەین
کە بە هیچ شێوەیەک [illegible] ئەو زەویانە [illegible]
[illegible] بەرپرسیار دەبن

[illegible]
قائمقام

SHOT ON MI 9T
AI TRIPLE CAMERA

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible]



خۆی بکەن.

ئینجا بەناچاری لەژێر باروودۆخی پڕ ئاڵۆزی شەڕی حزبایەتی و پشێوی ساڵی هەزارو نەبوونی دیموکراسییەتی سیاسی لەسەردەمەکانی بزاڤی ئەم چەند ساڵەدا. لەکاتێکدا کە باوەڕمان بەم شەڕە ماڵوێرانییە نەبووەو نییەو خۆمان بۆ ناوچەیەکی ئاسایش ئەو دوو حزبە یەکلا نەکردەوەو نەشمان ویستووە جووتیاری زەحمەتکێش بکەینە سووتەمەنی شەڕێکی ناڕەواو دژ بە بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان.

لەبەر ئەم هۆیانە نەمانتوانی نە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی کە لە بنچینەدا دژی بزووتنەوەی سیاسی جووتیارانە و نە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی کە تەنها پشتی ئەو برادەرانە دەگرێ، لەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی ئاسایی خۆمان بەردەوام بین بۆ ڕاستیش ئەم کە لە هەردوو ناوچەکە لە حەولێرو بەشێنو سلێمانی کادیرانمان گیراون کەوتنە بەر شاڵاوی هەڕەشەو چاو لێ سووربوونەوە لەبارودۆخێکی بێ سەروبەرو تێکچوودا کە ئەمڕۆ وشکی پێکەوە دەسوتاندو هیچ پێوانەو سنوورێک بۆ تاوانو کاری نائینسانی و ناکوردایەتی لە ئارادا نەمابوو، مرۆڤی کورد بووبووە بێ نرخترین شتو لەمترین ئاستی ڕێزو کەسایەتی کوردایەتی.

بەڵێ لەوکاتەدا بەپاشماندا زانی ئا ئەو بارە نائاساییە لێ دەدەین بێ دەنگی لە شتەکان بکەین، بەڵام کاتێ لە ١٩٩٨/١١/٦ برادەرانی کۆنفرانسی خۆیان بەستو گەیشتنە سەر بڕیاری یەکجاری و ڕاگەیاندنی ئینشقاق ناچاربووین وەک بەرپرسیاری هەر ئەندامێکی ئەو بزووتنەوەیە بۆ مێژوو، بۆ ڕای گشتی، بۆ سەرجەم جووتیارانی کوردستان، پێشینە وەڵامو ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاو بکەینەوە.

شایانی باسە لەسەرجەمی «١٥» ئەندامی سەرکردایەتی و یەدەگ تەنها «٣» ئەندام بەشداری لەگەڵدا کردوون، لەکاتێکدا بەرنامەو دەستووری ناوخۆی بزووتنەوەکە لە لاپەڕە «١٠»دا دەڵێ: خاڵی «٦» «کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکانو کادیرە پێشکەوتووەکانو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستەکان پێک دێت».
خاڵی «٧»: «لە سەرەوای ٢/٣ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەباری نائاسایی‌دا کۆنفرانس دەبەسترێ».
خاڵی «٨»: «تەنها کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەیە جگە لە حاڵەتی خیانەتکاری نەبێت».
ئەوبرایانە بێ بەدەست هێنانی شەرعیەتو زۆرینەی ڕای ئەندامانی بزووتنەوەکە بڕیاری کۆنفرانسیان داوەو خەڵکانی دەرەوەی بزووتنەوەکەشیان هێناوەتە ناو کۆنفرانسەوە.

کارێکی هەرەباشی کردبێتیان گۆڕینی ناوی خۆیانە بۆ «بزووتنەوەی جووتیارانو چەوساوانی کوردستان» تا یەکجاری جیا بکرێنەوەو ئەو تێکەڵاویە لەو شێوە خەباتەدا نەمێنێ، سەرباری هەموو ئەو شتانەش هیواداریین ئەو برادەرانە بتوانن خزمەتی جووتیارانو چەوساوانی کوردستان بکەن. ئێمەش لەڕوانگەی باوەڕبوون بە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین حەقی هەموو کەسو گروپو هێزێک بە ڕەوا دەبینین. گرنگ ئەوەیە هەرچی کێشەی ناوخۆی هێزەکان هەیە بە «ناکۆکی لاوەکی» بژمێردرێنو تێکڕا لەهەمبەر دوژمنان بوەستینو خزمەتی دۆزی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمانو چینی چەوساوەی جووتیارانو ڕەنجدەرانی کوردستان بکەین.


بژێ چەوساوەو ئاغایەتی

بژی خەباتی چینایەتی

بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان
١٩٩٨/١١/١٣

ڕوونکردنەوەیەک
لە بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستانەوە

[illegible]



بەڕێز خۆشەویست هاوڕێیانی پۆل

دوای سڵاو و ڕێز هیوامان سەرکەوتنتانە [illegible]

[illegible] لە ڕێگەی جیهازەوە ئاراستەتان [illegible]

[illegible] دەربارەی کاروبارەکان

[illegible]

[illegible]

هاوڕێیانت

ئەمین محمود حەمە ڕەزا

٩٩٥/١/٢١



کاک شێرزاد

[illegible] ساڵی [illegible] و [illegible] بوو

[illegible] بوو لە [illegible] پێشمەرگە بووم

[illegible] هەم [illegible] هەم [illegible]

[illegible] لە [illegible] بووین و [illegible] کارمان

[illegible] لەگەڵ [illegible]

[illegible] هەندێک [illegible]

[illegible] لەگەڵ [illegible]

[illegible] کە [illegible]

[illegible] هاوڕێیانی

[illegible] هاوڕێیانی [illegible] شێرعەلی [illegible]

[illegible] کە کارم کردووە

[illegible] شێرعەلی [illegible]

[illegible] هەم

[illegible] لەگەڵ شێرعەلی [illegible] و

[illegible] کە [illegible] کە بووم

[illegible] کە شێرعەلی [illegible] و

[illegible] بنووسم بە

[illegible] هاوڕێیان و [illegible]


[illegible] ١٥ [illegible] لەگەڵ هاوڕێ [illegible]

[illegible] لە [illegible]

[illegible] هەندێک [illegible]

[illegible]

هاوڕێت / [illegible]



یەکیەتی جوتیارانی کوردستان | ژمارە / ١١١
لیژنەی ناوچەی پشدەر | بەروار / ١٩٩٤/٨/١٥

بۆ / کۆمیتەی بەرەی کوردستانی قەڵادزێ / بەڕێز
سڵاوێکی گەرم

پێتان ڕادەگەیەنین کە کێشەی نێوان ژنانی دەمیان و کوڕانی
مەلا عبداللە خۆی ئاوا گەیشتۆتە ڕادەیەک بەرامبەر یەکتری
دانیشتون چاوەڕوانی کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکرێت جا
داوا لە بەڕێزتان دەکەین لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی
لیژنەیەک دروست بکرێت و بچن بەرەوڕووی کێشەکە و
چارەسەرێکی بۆ بکرێت لەگەڵ ڕێز و سڵاودا ماندا.

وێنە بۆ
١- کۆمیتەی ڕێکخستنی قەڵادزێی ی.ن.ک. بەڕێز
٢- ل.ن. قەڵادزێی پ.د.ک / بەڕێز
٣- ل.ن. قەڵادزێی حزبی شیوعی عیراق / بەڕێز
٤- کۆمیتەی ناوچەی قەڵادزێی حزبی سۆشیالیست / بەڕێز
٥- ل.ن قەڵادزێی پارتی گەلی / بەڕێز
٦- ل.ن قەڵادزێی پاسۆک / بەڕێز
٧- یەکێتی کۆششی دیمکراتی قەڵادزێ / بەڕێز

یەکیەتی جوتیارانی کوردستان
لیژنەی ناوچەی پشدەر
١٩٩٤/٨/١٥

نامەیەك لەبەندیخانەوە

لە وەتمان حاجی وسو بۆ هاوڕێ شەپۆل

بۆ برای بەرێزو خۆشەویست كاك دكتۆر شۆرش هام فەتحی

زۆر سلامت لێدەکەم هەواڵت دەپرسم سەلام لە خێزانت و سەرجەم هاوڕێیانی قەڵادزێ دەکەم، بەتایبەتی هاوڕێ سەلیم و هاوڕێ ئاکام کاك حەسەن خدر سڵاو وڕێزم هەیە بۆ هاوری ئەمیر و سەرجەم هاورێیانی رانیە سلاوم هەیە بۆ کاك خدر گۆمانی و هاورێیانی چوارقورنە گەر جەنابت هەواڵمان دەپرسی زۆر باشین و هیوای شادیتان بۆ دەخوازین دوای سلاو ریز بەهیوای دوا رۆژێکی روون. برای بەرێز هەموو جارێك كاك حسین و جەماعەت سەردانمان دەکەن دوو جار سەلامی جەنابتیان پێ راگەیاندووم ئێمەش بەهەمان شێوە دوعاو سەلاممان ناردووە بەڵام ویستم بەم نامە کورتە بەسەرت بکەمەوە هەرچەندە قەڵەم و کاغەزمان زۆر بەکەمی لا دەست دەکەوێ بۆیە داوای لێبوردن دەکەم کە نامەکەم کەم و کورتی هەبێت.

برای ئازیزو بەرێز تا کاتی نوسینی ئەم نامەیە ئەوە پێنج مانگ و دوازدە رۆژە گیراوین کە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و کۆششی دۆست و برادەرو دڵسۆزان هەر بەردەوام بوەو زۆر جار وەعدیشیان پێداون بەڵام وەعدەکە تا ئێستا نەکراوەتە عەمەلی لەو ماوەیە نامەیەکیشمان بۆ هاوڕێ کەریم نوسیبوو کەجەنابت خۆت

یتت هیوادارین جەنابیشت سەردانی بکەیت بۆ ئەوەی هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ
ـ ئەوەی چیتر لە سجن نەمێنینەوە وەهەرچەندە ئێوە لە هەوڵ و کۆشش نەکەوتن
ج بەسەردان چ بە رۆژناۆ
مەو چ لەرێگەی دۆستانەوە کە هەر ئەوەش لە جەنابت و دڵسۆزان چاوەڕوان
ەکرێ کە ئەوەش ئەرکی سەرشانی خۆتانە چونکە باوەرەکەتان واجبی ئەوەیە
یجگەلە دۆستایەتی مەسەلەی چینایەتیە هەرچەند مەجال نەماوە داوای لێبوردن
ەکەم دوبارە سڵاو ریزم هەیە بۆ هەموو لایەکتان.

برات وەتمان حاجی وسو
١٩٩٦/٢/٧

